ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# سیاسەتی زمانی لە یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان[1]

م. ی. فواد جاسم ابراهیم
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق
Fouad.ibrahim@su.edu.krd
پ. ی. د. ئازاد عزیز سلێمان
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق
azad.sleman@su.edu.krd

| | | |
|---|---|---|
| وشەکلیلیەکان: | Received: 13/06/2025 | ID No. 4643 |
| زمانی کوردی، سیاسەتی زمانی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، شیکردنەوەی یاساکان، فرەزمانی، باڵادەستکردن. | Accepted: 16/07/2025 | (PP 194 - 225) |
| | Published: 16/11/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.8 |

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "سیاسەتی زمانی لە یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پێناو شیکردنەوە و دیاریکردنی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی زمانی لە یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون، توێژینەوەکە لە ڕەهەندی یاساییەوە لە ئاستی پەرەپێدانی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی جەخت لە سیاسەتی زمانی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی دەکات بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بەتایبەتی و زمانەکانی دیکە بە گشتی، هەرچەندە یاساکان و مافە فیدراڵییەکان ڕێگەی دەدەن بۆ بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەکان، بەڵام لە جێبەجێکردنی واقیعدا زۆرجار ناتوانن ئەو مافانە بە شێوەیەکی کارا پەرەپێبدەن. سیاسەتی زمانی و زمانی فێرکردن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بابەتی توێژینەوەکەمانە، هەوڵدەدرێت بزانرێت چۆن ئەم وەزارەتە سیاسەتی زمانی بە سوودی زمانی کوردی جێبەجێدەکات، بێگومان ئەمەش شێوەیەکی کارا ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی، لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە ڕاسپاردە دەکات بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی حکومەت و داینکردنی ستراتیژییەکی ڕوون و کارا بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی دیکە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر، سیاسەتی زمان لە نێو دەستوور و یاساکانی زمان و سیاسەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی پێگەی زمانی کوردی لە لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی، بەتایبەتی بۆ دەرخستنی ڕۆڵی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە زمانییە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق هاتۆتە کایەوە، توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە،

1 ئەم تویژینەوەیە هەڵهێنجراوە لە دکتۆرانامەی قوتابی (م. ی. فواد جاسم ابراهیم) لەژێر ناونیشانی (پێگەی زمانی کوردی لەسیستەمی فیدراڵییدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنموونە).

شیکاریی بڕگە و ماددەکانی ناو یاساکانی تایبەت بەو وەزارەتە دەکات، کە هەر لە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانەوە تاوەکو ئەمڕۆ دەرچوون، بۆ دەرخستنی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی زمانی.

## گرنگی بابەتەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی:

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە لەڕێگەیەوە:**

١- پێگەی زمانی کوردی لە سایەی سیستەمی فیدراڵیدا لە یاساکان و واقیعی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی بەدیاربخەین، کە لە چ پێگەیەکدایە.

٢- پێگەی زمانی کوردی لە ناو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی شرۆڤە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین تا چەند بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنە زمانیەیی لە جیهان هەن بە دروستی لەگەڵ پێگەی زمانی کوردی مامەڵەیان کردووە.

هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانی کوردی بەشێوەی تیۆری لە چوارچێوەی دەستووری عیراقدا پێگەیەکی دیار و شایستەی پێدراوە، ئایا داڕشتن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی زمان لە یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە؟ حکومەتی هەرێم و وەزارەت و زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ناحکومیەکان پەیڕەوی چ ئایدۆلۆژیایەک دەکەن لە داڕشتن و پیادەکردنی سیاسەتی زمانەوانیدا لە کاروبارەکانی وەزارەت و ناوەندەکانی خوێندن؟

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی پێگەی زمانی کوردییە، وەک زمانی فەرمی و دانپێدانراو لە دەستووری نوێی عێراقدا، لە ڕوانگەی سیاسەتی زمانی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، لە ڕووی تیۆرییەوە دەسەڵاتێکی هاوشێوەی زمانی عەرەبی هەیە و لە ڕووی پراکتیکیەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لە یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییدا تا چەند پێگەی پارێزراو ڕێزلێگیراوە لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و کاروبارەکانی ئەو دامەزراوەیە، چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ ئەو زمانە لەبەرانبەر زمانەکانی دیکە.

## گرفتی توێژینەوەکە

گەلی کوردستان و خاک و کلتوورەکەی بە درێژایی مێژوو هەوڵی تواندنەوەی و لاوازکردنی دراوە، بێگومان زمانیش بەدەر نییە لەو هەڕەشە و داگیرکاریەیی دەکرێتە سەری، زمانی کوردی بە گوێرەی دەستووری فیدڕالی عێراق و یاسایی زمانە فەرمیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان زمانی فەرمییە، لە گشت دامەزراوەکانی حکومەت و زمانی فێرکردنە لە پۆلەکانی خوێندن، وەک دەردەکەوێت بە پلان و بەرنامە هەوڵی چەسپاندنی و بەهێزکردنی زمانی بیانی دەدرێت، ئەمەش بۆتە کێشەیەکی یاسایی و نەتەوەیی کە کاردەکاتە سەرپێگە و کارکردن بە زمانی فەرمی، کە زمانی کوردییە، لێرەدا چەند پرسیارێک دەخرێنەڕوو: زمانی کوردی بەو هەموو دەسلاتانەی هەیەتی بۆچی هەندێک جار هەوڵی باڵادەستکردنی زمانی دیکەی بەسەردا دەسەپێندرێت؟ ئایا زمانی کوردی زمانی زانست نییە؟ یاسا و دەستوورەکان و واقیعی جێبەجێکردن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا چۆن پیادەی دەکات؟ دەستەبەرە یاساییەکان چین بۆ ئەم هەڕەشانەی لەسەر زمانن؟ چی بکرێت و سیاسەتی زمانی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەچ شێوازێک ڕەنگرێژ بکرێت بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی و گونجانی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهان؟

## چوارچێوەی تویژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر سیاسەتی زمانی لە چوارچێوەیی یاسایی یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، وەک دامەزراوەیەکی هەمەجۆر و فرەڕەهەند و فرەپسپۆڕی، شیکردنەوەی سیاسەتی زمانی لە یاساکانی ئەو وەزارەتە و واقیعی جێبەجێکردنی لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵا، هەروەها خستنەڕووی ئاڵەنگاری و بەربەست

و هەوڵەکان بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی. سنووری توێژینەوکە هەرێمی کوردستانی عێراقە، کە زمانی کوردی زمانی زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەیەتی، کاتی توێژینەوەکە لە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانەوە تاوەکوو ئەمڕۆ، کەرەستەی توێژینەوەکەش: یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵان.

## میتۆدی تویژینەوە:

ڕێبازی وەسفی شیکاری و میتۆدی یاسایی گیراوەتەبەر بۆ شیکردنەوەی ئەو بڕگە و ماددانەی تایبەت بە دیاریکردنی سیاسەتی زمانی بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لەنێو یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی.

## پلانی تویژینەوە:

لەپێناو گەیشتن بە وڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەشکراوە، بەشی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی سیاسەتی زمانی و ئامانج و جۆرەکانی سیاسەتی زمانی، بەشی دووەم دابەشی سەر دوو تەوەرەی سەرەکی کراوە، تەوەرەی یەکەم: شیکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی. تەوەرەی دووەم: زمانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا، لەکۆتایدا دەرەئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕوو.

## ١-١ سیاسەتی زمانی

سیاسەتی زمانی، بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و کلتوری دادەنرێت، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکان لە کۆمەڵگادا دەگێڕێت. لە سەردەمی ئەمڕۆدا، جیهان بەرەو فرەکلتوری و فرەزمانیی هەنگاودەنێت، سیاسەتی زمانی، وەک چارەسەرێک بۆ چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و کلتوری دەبینرێت[1]، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە زمانەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی، مافەکانی مرۆڤ، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پێشکەوتنی ئابووریەوە هەیە. لە وڵاتانی جیاوازدا، سیاسەتی زمانی وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی زمانە نەتەوەییەکان یان بەرەوپێشبردنی زمانە فەرمییەکان بەکاردەهێنرێت، لە هەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە هۆی جیاکاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، بۆیە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمانی تەنیا لەڕووی زانستییەوە گرنگ نییە، بەڵکوو لەڕووی کەرەستەییەوەش گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە کێشەکانی وەک ناسنامە، مافەکانی مرۆڤ، و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی زۆرتر دەردەکەون.

سیاسەتی زمانی(Language Policy) ، چەمکێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، ڕۆڵێکی گرنگی لە داڕشتنی دیمەنی زمانی لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا هەیە، لە ناوەڕۆکدا ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی، کە حکومەت یان دامەزراوەیەك دەیگرێتەبەر بۆ کاریگەری دانان لەسەر پێگە و بەکارهێنان و گەشەی زمانەکان لە کۆمەڵگە یان کۆنتێکستێکی دیاریکراودا[2]، دەکرێ کاریگەری درێژخایەنی لەسەر بوارەکانی پەروەردە، حوکمڕانی، یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و ...هتد، هەبێت پەیوەندی بە کۆمەڵێك بواری جۆراوجۆرەوە هەیە، واتە بوارێکە سروشتێکی فرەپسپۆڕییە و پەیوەندی بە بوارەکانی زمانەوانی، کۆمەڵناسی، زانستیی سیاسی و پەروەردەوە هەیە .

دەکرێت هۆکاری سەرەکی هاتنەکایەی سیاسەتی زمانی" وەک وەڵامدەرەوەیەک بۆ ئەو کێشانەی لە وڵاتان دەهاتە بەردەم زمان دیاربکرێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەربەخۆییان بۆ دەگەڕێتەوە و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری

---

[1] ئازاد عزیز سلێمان، سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، 2022، ل 65.

[2] Harold F. Schiffman, Linguistic culture and language policy. London: Routledge. 1996, p. 89.

ڕزگارییان دەبێت[1]، لەڕووی پێکهاتەوە زۆربەی وڵاتان زیاتر لەیەک گروپ، یان نەتەوە پێکهاتوون، سروشتی زۆربەی وڵاتان فرە زمانیە، هیچ زمانێکیش نییە لە یەک زار پێکهاتبێت، هەموو زمانەکان لە چەند زارێک پێکهاتوون، بۆیە زۆربەی وڵاتان خاوەنی سیاسەتی زمانین، ئەمیش لە پێناو دوو ئەگەر، یان بۆ پشتیوانی لە زمانێک یان چەند زمانێک، یانیش بۆ کۆسپ خستنە بەردەم گەشەسەندنی زمانێک یان زمانەکانی ژێردەست[2]، ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە ڕێگری و سەرکوتکاری زمانێک بهێنێتە کایەوە، بەڵکوو دەشێت سەرجەم زمانەکان پایە و ئەرکیان پێبدرێت و خەڵکی مافی بەکارهێنانی زمانی دایکیان هەبێت، بە شێوەیەک پارێزگاریکردن بێت لە هاوسەنگی سەرجەم زمانەکان، بە ئامانجی گەشەپێدانی زمانی سەرجەم پێکهاتەکان .

لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی وڵاتانی جیهان هەوڵدەدەن سیاسەتی زمانی خۆیان بەجۆرێک جێبەجێبکەن، کە هاوسەنگی کۆمەلایەتی و بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری نەتەوەیی و کۆمەلایەتی لەنێو زمانی کۆمەڵگاکانیان پیادەبکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و یونسکۆ بەتایبەتی هەوڵدەدەن سیاسەتی زمانی بەرەوپێش ببەن بۆ پاراستنی زمانی پێکهاتەکان و وەک چاودێرێک ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت.

سیاسەتی زمان بە کۆمەڵێک بڕیار و ڕێسای پراکتیکی فەرمی و نافەرمی وەسف دەکرێت، کە ڕێنوێنی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگایەکدا دەکەن، ئامانجی ئەوەیە کام زمان بەکاردەهێنرێت؟ لە چ چوارچێوەیەکدا و لەلایەن کێوە بەکاردەهێنرێت[3]؟ دەکرێت ئەو پێناسەیەی سەرەوە، وەک هەنگاوێک لەپێناو ڕێکخستنی زمان لە چوارچێوەی کۆمەلایەتیدا تەماشابکرێت، واتە سیاسەتی زمانی، وەک چوارچێوەیەک بۆ چارەسەرکردنی بەربەستە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکان، وەک نایەکسانی زمانەوانی، مەترسی خستنە سەر زمان و فرە زمانەوانی دابنرێت، بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی زمان/زمانەکاندا دەکات، واتە بریتییە لە داڕشتنی بنەماکانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زمان/زمانەکان.[4] بەم پێیە، کاریگەری دانانە لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە کۆنتێکستێکی دیاریکراودا.

سیاسەتی زمانی ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی چۆنیەتی فێربوونی زمانەکان لە سیستەمی پەروەردەدا دەگێڕێت، ئەمەش تەنیا پەیوەندی بە فێربوونی زمانەوە نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی فێربوونی قوتابییان هەیە، لە زۆربەی وڵاتاندا، سیاسەتی زمانی زمانێک، یان دوو زمانی فەرمی دیاری دەکات کە وەک زمانێکی سەرەکی لە پەروەردەدا بەکاربهێنرێت[5]، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابیان زیاتر لەو زمانە فێربن و لەوانەیە زمانەکانی دیکە لە پەروەردەدا بەشێوەیەکی سنووردار بەکاربهێنرێن، هەروەها دەتوانێت یارمەتی پاراستنی زمانە نەتەوەییەکان بدات لە ڕێگەی ئەوەی کە وەک زمانێکی فەرمی لە پەروەردەدا بەکاربهێنرێت[6]، لەلایەکی دیکەوە دەتوانێت یارمەتی پاراستنی زمانە ناوخۆییەکان بدات، کە وەک زمانێکی فەرمی یان یارمەتیدەر لە پەروەردەدا بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە، لە هیندستان، زمانە ناوخۆییەکان، وەک زمانێکی یارمەتیدەر لە پەروەردەدا بەکارهێنراوە، هەروەها کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی فێربوونی قوتابییان دەبێت، واتە ئەگەر زمانێکی فەرمی قوتابیان بە باشی تێینەگەن، کە وەک زمانێکی سەرەکی لە پەروەردەدا پیادەدەکرێت، ئەوا لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی فێربوون لەلای قوتابییان، ئەمەش وادەکات پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەم ولاتە یان ناوچەیەدا سەرکەوتوو نەبێت .

---

[1] شاڵاو صالح حمەغریب، پێگە و پایەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، 2024، ل 74.

[2] تارق جامباز، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم، 2014، ل7.

[3] Robert B. Kaplan, Richard B. Baldauf, Language Planning from Practice to Theory, Multilingual Matters, Google Books, 1997, p3.

4 ئازاد عزیز سلێمان، سەرچاوەی پێشوو: ل71.

[5] Robert B. Kaplan, Richard B. Baldauf, previous source, p45.

[6] Bernard spolsky, Language Policy. Cambridge University Press - Google Books, 2004, p.78

پێویستە سیاسەتی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی تەواوکەری یەکتری بن، بەوەی سیاسەتی زمان وەک میکانیزمێک بۆ بنیادنانەوە و پێشخستنی ناسنامەی نەتەوەیی یان ناوچەیی هەنگاوبنێت. ئەمەش هەوڵێک دەبێت بۆ نیشاندانی کام زمان وەک هێمای یەکگرتوویی یان جیاوازی نەتەوەیی دابنرێت.[1] واتە، سیاسەتی زمان ئامرازێکی ستراتیژییە لە بنیاتنانی نەتەوەدا، پێویستە سیاسەتی زمانی وەها ڕەنگرێژ بکرێت، وەک ڕێبازێکی هاوسەنگ و گشتگیر کاربکات، کە زمان نەک وەک سەرچاوەی دابەشبوون بەڵکوو وەک فاکتەرێکی گرنگی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی دیمەنی دەوڵەمەندی زمان و کلتووری نەتەوەیەک، یان ناوچەیەک کاربکات، واتە سیاسەتی زمان میکانیزمێکی گرنگە بۆ پاراستنی زمان و پێشخستنی ناسنامەی نەتەوەیی، بەڵام پێویستە، وەک ڕێبازێکی هاوسەنگ و گشتگیر کاربکات، کە هەموو زمانەکان لەخۆبگرێت نەک وەک ئامرازێک بۆ جیاکاری کۆمەڵایەتی.

سیاسەتی زمانی لە ڕێککەوتن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کەلتوری زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ڕاستیەکی جێگیر نییە، بەڵکو بڕیاری خەڵکە و شیاوی گۆڕان و گفتوگۆ لەسەرکردنە، سیاسەتی زمانی وەك چۆن لایەنی نافەرمی هەیە، واتە دەشێ گروپە پیشەیی و بازرگانییە ناحوکمییەکان کارگەرییان لەسەر زمان هەبێ، دیوی فەرمی (یاسا و ڕێسا)شی هەیە، کەلتوری زمانی، کە هەڵوێست و بیروباوەڕی خەڵکە لەبارەی زمانەوە[2]، بەشێوەیەک باکگراوندی کەسی و کەلتوری تاکەکان کاریگەری لەسەر چۆنییەتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ زماندا هەیە، بێگومان ئەو یاسا و بڕیارانەی لە بارەی زمانەوە دەدرێن، بەگوێرەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و شێوەی پێکهاتە نەتەوەییەکانە کە لە وڵاتدا هەن[3]، بەمەش سیاسەتی زمانی تەنیا کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا نییە، بەڵکو وابەستەیە بە کەلتور، هەڵوێست و بیروباوەڕی تاکەکان و کومەڵگا سەبارەت بە زمان. سپۆلسکی[4] جەخت لە هەمان تێڕوانین دەکاتەوە و پێیوایە کە هەنگاوی یەکەم لە سیاسەتی زمانی لە کۆمەڵگەیەکی زمانیدا بریتییە لە جیاکردنەوەی سێ پێکهاتە :

یەکەم: بریتییە لە ڕەوشت/پراکتیکە زمانییەکان (شێوازی هەڵبژاردن لە نێوان جۆرە زمانییە جۆراوجۆرەکاندا)

دووەم: ئایدیۆلۆژیایی زمان، واتە بیروباوەڕەکان لە بارەی زمان و بەکارهێنانی زمانەوە.

سێیەم: هەر هەوڵێکی دیاریکراو بۆ گۆڕین، یان کاریگەری دانان لە سەر ئەو ڕەوشتە لە ڕێگەی هەر جۆرە دەستێوەردانێکی زمانی، پلاندانان، یان بەڕێوەبردنەوە.

بەمەش پێکهاتەی یەکەم پەیوەستە بەوەی چۆن ئەندامانی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا جۆرە جیاوازەکانی زمان هەڵدەبژێرن و بەکاریدەهێنن، پێکهاتەی دووەمیش پەیوەندیدارە بە بیروباوەڕ و تێڕوانین و هەڵوێستی خەڵك سەبارەت بە زمان و بەکارهێنانی زمان، پێکهاتەی سێیەمیش ئاماژەیە بە کاریگەری دانان لەسەر بەکارهێنانەکانی زمان، کە دەکرێت سیاسەتێکی فەرمی یان بەرنامەیەکی پەروەدەیی بۆ پاراستن و پێشخستن و گۆڕینی بەکارهێنانەکانی زمان لەخۆبگرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئایدۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگی لە سیاسەتی زمانی هەیە، بەو پێیەی کە زۆرجار ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیایی جێبەجێکردنی دەسەڵاتە، تێڕوانینەکان سەبارەت بە پلەبەندی زمان و ڕۆڵی زمانەکان لە کۆمەڵگادا ئەو بەها کلتووریەی، کە بە زمان دراوە لەخۆدەگرێت، واتە، لە سیاسەتی زمانەوە ئایدۆلۆژیا و تێڕوانینی دەسەڵات بۆ ئایندە و هەنگاوەکانی داهاتوو دەردەکەوێت، بە جۆرێک سیاسەتی زمانی بابەتێکی سادە و ساکار نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و هەڵگری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری جۆراوجۆرە، شێوازی جیاجیای کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ یەکدیدا، واتە بێلایەنی لە سیاسەتی زمانیدا نییە، بەڵکو فاکتەری جۆراوجۆر و ڕەنگدانەوەی دینامیکی هێز و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگا کاریگەریان لە سەری هەیە، ئەوانەی هێزی زیاتریان هەیە زۆرجار کاریگەری زیاتریان لەسەر چۆنییەتی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی هەیە. واتە هێز ڕۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی سیاسەتی زمانیدا هەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەو هێزە

---

1 ئەمیر حەسەنپوور، زمان و ناسنامەی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، 1992، ل201.

2 Harold F. Schiffman, previous source, p276.

3 ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل71.

4 Bernard spolsky, previous source, p.5.

کۆمەڵایەتییانەن کە لە کۆمەڵگەدا دەسەڵاتدارن، بەم پێیە سیاسەتی زمانی، هەوڵێکە بۆ پاراستنی زمان و گەشەپێدانی، بەجۆرێک تاکەکانی کۆمەڵ بۆ دروست بەکارهێنانی زمان ئاراستە دەکات، بەتایبەتی لەڕووی فراوانکردنی ئەرکی زمان و بەکارهێنانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

سیاسەتی زمانی بریتییە لە میکانیزمێکی سیاسی، کاریگەری لەسەر پێکهاتە، ئەرك و بەکارهێنانی زمانەوە هەیە، ئەم سیاسەتە دەکرێت چەند یاسایەکی فەرمیی بێت، زۆرجار لەشێوەی بەڵگەنامەی نوسراو جێبەجێدەکرێن، هەندێکجاریش بە میکانیزمی نافەرمی و شارەوە جێبەجیدەکرێن، کە پەیوەندییان بە بیروباوەڕ و بەکارهێنانی زمانەوە هەیە، هێزی ڕێکخستنیان بەسەر بەکارهێنانی زمان و کارلێککردنیان لەنێو کۆمەڵگادا هەیە[1] واتە دیوی شاراوە و ناشاراوە لە سیاسەتی زمانیشدا بوونی هەیە، دەکرێت سیاسەتی زمانی ئەو سیاسەتە نەنووسراو و پلان بۆ دانەرێژراوەیە بێت، کە بە ئاشکرا لەگەڵ خەڵک باس ناکرێت و بەشە دیارەکەش سیاسەتی ڕێکخراوە و بنکە فەرمییەکانە کە بە ئاشکرا یاسا و پلانی بۆ دادەڕێژرێت و لەسەر بنەمای فەرهەنگی زمانی دەسەڵاتداران و نوخبەی زمانی و ئەدەبی دادەمەزرێت.

سەبارەت بە سنووری سیاسەتی زمانی ناتوانرێت چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت، چونکە سنوورێکی بەرفراوانی هەیە و تەنیا لە چوارچێوەی زمانی کارگێڕی و ستاندارد و کاریگەری زماندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکوو تێکەڵ بە لایەنەکانی دیکەی زمان دەبێت[2]، ئەم فراوانیەش هەماهەنگیەکی زۆر باشی لەگەڵ هۆکارە کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و ئابوورییە جیاوازەکاندا هەیە، سیاسەتی زمان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە ستانداردکردن دەگێڕێت، داڕشتنی پێگەی زمانەوانی لە پەروەردە، میدیا و بڵاوکردنەوەدا، کە لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی زمان و گوتاری گشتیدا هەیە، جگە لەوەش لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتی، زمانەوانیەکانی وەک ناسنامەی نەتەوەیی، پاراستنی کلتووری و مافی پێکهاتە زمانەوانیەکان کاردەکات.

سیاسەتی زمانی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگا و ناسنامەی نەتەوەیی هەیە، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە زمانەوە نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پەروەردە هەیە، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، پاراستنی کلتوری نەتەوەیی، بەکارهێنانی سیاسەتی زمانی وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی زمانەکان و بەرەوپێشبردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ و گشتگیر، بۆیە پێویستە سیاسەتی زمانی وەک چارەسەرێکی ستراتیژی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی فرەزمانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەکاربهێنرێت.

### ١-١-١ ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی

سیاسەتی زمانی بوارێکی سەرەکییە لە زمانەوانی کارەکیدا، جەخت دەکاتە سەر بڕیارە ستراتیژییەکانی حکومەت، دامەزراوەکان، کۆمەڵگاکان و گروپەکانی دیکە بۆ کاریگەری خستنە سەر شێوازی بەکارهێنان، فێرکردن و پاراستنی زمان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی بە گشتی مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی وەک مافی زمانەکان، یەکگرتنی کۆمەڵایەتی، دەستگەیشتن بە پەروەردە و ناسنامەی کلتووری دەکەن، ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی زمانین:

#### ١-١-١-١ سیاسەتی زمانی و ناسنامەی نەتەوەیی

سیاسەتی زمانی یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانە بۆ بەرجەستەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. ئەم سیاسەتە لەڕێگەی پێشخستنی زمانێکی هاوبەش، یان چوارچێوەیەکی فرەزمانی، هەستی یەکێتی و ناسنامەی هاوبەش دروستدەکات (لەڕێگەی ڕێکخستنی زماندا، گەشە بە کەلتوری هاوبەش و پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەستی هاوڵاتیبوون و گرێدانی پێکهاتەی خاوەن زمان دەدرێت، چونکە زمان گرنگترین تۆخمی کەلتوریی و

1 سعد عبدالرزاق قازی، سیاسەت و پلاندارێژی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، 2020، ل22.

2 خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و عومەر مەحموود کەریم، کورد و پلانسازی زمان، کۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(42)، 2017، ل9-10.

ناسنامەی نەتەوەکانە)[1]، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی زمانی گەشەپێدانی یەکێتی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەییە، کە ئەمەش لەڕێگەی ڕێکخستنی زمان و پەرەپێدانی کەلتوری هاوبەش و هەستی نیشتیمانییەوە دەکرێت. زمان وەک گرنگترین توخمی کەلتوری و ناسنامەی نەتەوەیی، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پێکهێنانی هەستی هاوڵاتیبوون و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی هەیە.

دەستووری هەمیشەیی عێراق لە، مادەی ٤ ساڵی ٢٠٠٥ هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی ناساندووە[2]، ئەم سیاسەتە هاوسەنگی نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ناوچەیی دروست دەکات و هاوبەشی نێوان نەتەوەکانی عەرەب و کورد فەراهەم دەکات. ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونە لە هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ پاراستنی مافە زمانییەکانی هەموو گروپە نەتەوەیی و کەلتورییەکان، بەمەرجێک ئەگەر ڕێگری لە پیادەکردنی نەکرێت .

لە شارە فرە نەتەوەیی و فرە زمانەکانی وەک هەولێر و کەرکوک، سیاسەتی زمانی ڕۆڵێکی گرنگی لە پێکهێنانی پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان هەیە، بەکارهێنانی زمانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی و ئاشووری لەبەڕێوەبردنی گشتی و دامەزراوە حکومییەکاندا، پێکەوەژیان و یەکگرتوویی نێوان ئەم پێکهاتانە بەهێز دەکات ئەم ڕێبازە فرە زمانییە ڕێگری لە پەراوێزخستنی زمانێک یان چەند زمانێک دەکات و هەموو گروپەکان دەکات بە بەشێک لە کۆمەڵگا[3]، بەمەش دەردەکەوێت سیاسەتی زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکوو ئامرازێکی گرنگە بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا، ئەم سیاسەتە ڕۆڵێکی بەرچاو لە پاراستنی هەستی نیشتیمانی و یەکێتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانە لە کۆمەڵگای عێراقی و هەرێمی کوردستاندا هەیە.

## ١-١-١-٢ سیاسەتی زمانی و یەکخستن و بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەکان

ئامانجی سیاسەتی زمانی تەنیا پاراستنی زمان نییە، بەڵکوو (بریتییە لەیەکخستنی وشە و زاراوەکان و پاراستنیان لە لەناوچوون و فەوتان، لەگەڵ داتاشین و داڕشتنی وشە و زاراوەی نوێ بۆ پێداویستییەکانی سەردەم[4]، ئەم ئامانجە دوو لایەنی سەرەکی هەیە:

یەکەم: سیاسەتی زمانی هەوڵدەدات وشە و زاراوە هەمەجۆرەکانی زمانەکە کۆبکاتەوە و یەکیان بخات، ئەمەش لەڕێگەی دۆکیۆمێنتکردن و ستانداردکردنی بەکارهێنانیانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ نموونە، لە زۆربەی زمانەکاندا هەوڵدەدرێت وشە و زاراوە کۆنەکان لە ڕێگەی فەرهەنگ و کتێبەکانەوە بپارێزرێن و بە شێوەیەکی ستاندارد بەکاربهێنرێن، ئەمە ڕێگەخۆشکەرە بۆ پاراستنی ناسنامە و دەوڵەمەندی زمانەکە.

دووەم: لەگەڵ پێشکەوتنی ژینگە و تەکنەلۆژیادا، چەمک و دیاردە نوێیەکان سەرهەڵدەدەن، کە پێویستیان بە وشە و زاراوەی نوێ هەیە، سیاسەتی زمانی هەوڵدەدات ئەم پێداویستییە بپارێزێت و وشە و دەستەواژەی نوێ دابڕێژێت بۆ ئەو چەمکانە. بۆ نموونە وشەی "کۆمپیوتەر" یان "ئینتەرنێت" کە لە ساڵانی ڕابردوودا هاتوونەتە ناو زمانەکان، دەتوانرێت دەستەواژەی نوێی بۆ دابڕێژرێت، یان بە شێوەیەکی گونجاو دەستەواژەی ڕەسەنی خۆی وەربگیرێن و لە زمانەکەدا بەکاربهێنرێن، بەمەرجێک لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیەکانی زمان بگونجێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەرەوپێشبردنی زمانەکە و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم[5].

## ١-١-١-٣ سیاسەتی زمان و پاراستنی زمانەکان

1 ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل77.

2 دەستووری عێراقی ساڵی 2005

3 UNESCO, Language vitality and endangerment. Paris: P.2003, p.16

4 شاڵاو صالح حمەغریب، سەرچاوەی پێشوو، ل81.

5 شاڵاو صالح حمەغریب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل81.

پاراستن و پارێزگاریکردنی زمانەکان، بەتایبەتی زمانی پێکهاتەکان یان ئەوانەی مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی زمانی، ئەمەش لەڕێگەی دانپێدانانی فەرمی و پشتگیری پەروەردەیی ئەنجام دەدرێت، واتە بەکارهێنانی زمانەکان لە قوتابخانەکان، ڕاگەیاندن و ژیانی ڕۆژانە. سیاسەتی زمانی هەوڵدەدات زمانەکان لە هەڕەشە و فشارەکانی زمانە باڵادەستەکان بپارێزێت، کە لەڕێگەی تەکنەلۆژیا و کاریگەرییەکانی جیهانگیرییەوە مەترسین لەسەر چەندین زمان[1]، لێرەدا گرنگی بە پاراستنی کلتووری زمانی دەدرێت لە بەرامبەر جیهانگیری و زاڵبوونی زمانە جیهانیەکان، زمان وەک بەشێکی گرنگی شوناسی کلتووری لێی دەڕوانرێت.

لە کەنەدا، دانپێدانانی یاسایی بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی یەکسانی زمانی فەراهەم دەکات، ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدات بە هەر زمانێک دەستیان بە خزمەتگوزارییە فیدراڵیەکان بگات، لە دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)عێراقدا، دان بە زمانی پێکهاتەکاندا دەنێت، وەک تورکمانی، ئاشووری و ئەرمەنی، لەو ناوچانەی کە ئەم پێکهاتانەیان تێدا دەژین. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی ئەم پێکهاتانە دەتوانن زمانەکانیان لە قوتابخانەکان، ئیدارەی ناوخۆیی و دادگاکان بەکاربهێنن[2] (دەستووری عێراق، ٢٠٠٥، مادەی چوارەم). لە هەرێمی کوردستان ئاشوورییەکان بۆیان هەیە زمانی سریانی لە قوتابخانەکانیان بەکاربهێنن، بەمەش ناسنامەی زمانەوانی و کلتووری خۆیان دەپارێزن، بەهەمان شێوە منداڵانی تورکمان بە زمانی زگماکی خۆیان فێر دەکرێن لەو ناوچانەی کە ژمارەی دانیشتوانی تورکمانیان بەرچاوە[3].

هەروەک چۆن بەشی زمانی سریانی لە کۆلێژی پەروەردە و زمانی تورکی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین هەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری گشتی بە زمانی کوردی پێشکەش دەکات، ئەمەش هاوکارە لەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی جیاواز دەتوانن دەستیان بە سەرچاوەکانی حکومەت بگات. لەناوچە فرە زمانەکانی وەک کەرکوک، سەرەڕای بەکارهێنانی زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی تورکمانی و ئاشووریش لە ئیدارەی گشتیدا بەکاردەهێنرێن، ئەم فرەییە نەک تەنیا بۆ زمان ڕاستە، بەڵکوو بۆ ئاستی زار و شێوەزاریش شۆڕ دەبێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکانە کار بۆ پاراستنی شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی دەکات، هاوکات پشتیوانی لە شێوەزارەکانی وەک هەورامی و زازاکی دەکات.

### ١-١-١-٤ سیاسەتی زمان و زمانی پەروەردە:

یەکێکی دیکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی زمانی دیاریکردنی زمانی خوێندن و ئەو زمانانەیە کە لە پەروەردەدا بەکاردێت. ئەم سیاسەتانە پشتگیری لەوە دەکات، فێربوون بە زمانی ڕەسەن یان یەکەمی قوتابییان بێت، کە ئامانجی ئەمە باشترکردنی کردەی تێگەیشتن و گەشەی عەقڵی قوتابییەکانە.[4] لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە زمانی کوردی بە هێنانە ناوەوەی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە پرۆگرامی خوێندندا فرە زمانی بەرەوپێش دەچێت. زمانی کوردی وەک زمانێکی سەرەکی و کرادری بەکاردێت، لەکاتێکدا زمانی عەرەبی وەک زمانی دووەم دەخوێندرێت و قوتابیان زوو بە زمانی ئینگلیزی دەناسێنرێن. ئەمەش بۆ ئامادەکردنی قوتابییەکان بۆ هەماهەنگبوون لەگەڵ پێشکەوتنی جیهان و بەدەستخستنی هەلەکانی کار لە داهاتوودا.

یەکێتی ئەوروپا هانی هاوڵاتیان دەدات، کە جگە لە زمانی زگماکی خۆیان لانیکەم دوو زمان فێربن، ئەمەش فرە زمانەوانی بەرەوپێش دەبات و یارمەتیدەرە بۆ یەکگرتنی کلتووری و ئابووری، ئەم ڕێبازە نەک تەنیا توانای زمانەوانی قوتابییەکان بەرەوپێش دەبات، بەڵکوو ڕێگەخۆشکەرە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە داهاتوودا.

### ١-١-١-٥ سیاسەتی زمان و زمانی ستاندارد

[1] ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل79.

[2] بڕوانە دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی 2005، ماددەی چوار.

3 UNESCO, previous source, p.18.

4 Robert B. Kaplan, Richard B. Baldauf, previous source, p.25.

سیاسەتی زمان و ستاندارردکردنی زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکاندا دەگێڕێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە فرە زمان و فرە نەتەوەییەکانی وەک عێراق. ئامانجی سەرەکی سیاسەتی زمان دەبێت پاراستن و بەهێزکردنی هەموو زمانەکان بێت، بەتایبەتی زمانی پێکهاتەکان و یەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵیان، لە عێراقدا زمانەکانی وەک کوردی (شێوزاری سۆرانی و شێوزاری بادینی)، عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئاشووری بەکاردەهێنرێن، سیاسەتی زمان هەوڵدەدات تا هەموو ئەم زمانانە لە هەموو ئاستەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

یەکێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی زمان دابینکردنی یەکسانی هەموو زمانەکانە، دەتوانرێت لە ڕێگەی دابینکردنی دەرفەتی بەکارهێنانی زمانەکان لە ناوەندە فەرمییەکان، وەک دادگا، نەخۆشخانە و دامەزراوە حکومییەکان[1]، لە سیستەمی پەروەردەدا دەبێت پاڵپشتی تەواو لە پرۆسەی فێربوونی فرەزمانی بکرێت، لە هەرێمی کوردستان دەبێت فێربوونی زمانی عەرەبی وەک زمانێکی دووەم بە شێوەیەکی گونجاو کاری لەسەر بکرێت، و لە ناوچە عەرەبییەکانیش دەبێت فێربوونی زمانی کوردی هەبێت[2]، ئەمەش یارمەتی دەدات تا پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەکان بەهێزتر بێت و هیچ زمانێک لەلایەن دەوڵەتەوە پەراوێز نەخرێت.

پاراستنی زمانی پێکهاتەکان یەکێکە لە ئامانجەکانی سیاسەتی زمان، بۆ ئەم مەبەستە، دەبێت سیاسەتێکی تایبەت هەبێت بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکانی وەک تورکمانی، سریانی و ئاشووری، هەروەها دەبێت دەرفەت بە بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەکان لە میدیا و ڕاگەیاندنە فەرمییەکان بدرێت.

### ١-١-١-٦ سیاسەتی زمان و پێگەی زمان

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی سیاسەتی زمان بریتییە لە دیاریکردنی پێگەی زمان لە کۆمەڵگادا، ئەمەش یارمەتی ڕێکخستنێکی دروست دەدات بۆ بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگادا[3]، دیاریکردنی پێگەی زمان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە هەم پاراستن و بەهێزکردنی زمانی دایک دەکات و هەم پێگەی زمانەکانی دیکە دیاریدەکات .

پاراستنی زمانی دایک، لەڕێگەی بەهێزکردنی بەکارهێنانی زمان لە بوارە جیاوازەکانی وەک پەروەردە، میدیا و کارگێڕی دەکرێت، لە سیستەمی پەروەردەیدا، دەبێت زمانی دایک وەک زمانێکی سەرەکی بەکاربهێنرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نەوەکانی داهاتوو پەیوەندییەکی بەهێز بە زمان و کلتووری خۆیان هەبێت [4]، لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی زمان دەبێت پێگەی زمانەکانی دیکەش دیاریبکات، وەک زمانە بیانییەکان (وەک ئینگلیزی) و زمانی پێکهاتەکان. ئەمەش یارمەتیدەدات، کە هەموو زمانەکان لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و زمانی هیچ پێکهاتەیەک پەراوێز نەخرێت .

لەچەندین وڵاتی جیهاندا، دیاریکردنی پێگەی زمان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو جێبەجێکراوە، لە هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی وەک زمانێکی سەرەکی بەکاردێت، بەڵام عەرەبی و ئینگلیزی وەک زمانەکانی دووەم و سێیەم بەکاردێن. لە سویسراش، چوار زمانی فەرمی هەیە (ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ڕۆمانش)[5]، کە هەموویان لە سیستەمی پەروەردە و کارگێڕیدا بەکاردەهێنرێن، ئەم جۆرە ڕێکخستنە یارمەتی دەدات، کە کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوە بژین و هەموو پێکهاتەکان هەست بە دادپەروەری بکەن .

---

[1] بڕوانە دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی 2005، ماددەی چوار.
[2] ئەمیر حەسەنپوور، سەرچاوەی پێشوو، ل 45.
[3] ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل77.
[4] ئەمیر حەسەنپوور، سەرچاوەی پێشوو، ل 46.
[5] UNESCO, previous source, p.16.

دیاریکردنی پێگەی زمان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشەی لایەنی ئابووری، کلتووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، زمانە نێودەوڵەتییەکان وەک زمانی ئینگلیزی یارمەتی دەدات پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان بەهێز دیکە بکرێت، بەمەش سیاسەتی زمان دەبێت لەسەر بنەمای یەکسانی و پاراستنی هەموو زمانەکان بنیادبنرێت، بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکان هەست بە دادپەروەری بکەن و زمانەکان بە شێوەیەکی یەکسان گەشەیان پێبدرێت.

## ٢-١ جۆرەکانی سیاسەتی زمانی بەپێی ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان

### ١-٢-١ ئایدۆلۆژیای تواندنەوەی زمان

ئایدۆلۆژیای توانەوەی زمان یەکێکە لە دیاردە هەرە گرنگەکانی سیاسەتی زمان لە جیهانی هاوچەرخدا، ئەم چەمکە ئاماژە بۆ ئەو تێڕوانینە دەکات کە کەمینە زمانییەکان دەبێت زمانی باڵادەستی کۆمەڵگایەک وەربگرن و ئاوێتەی کەلتووری زمانی زۆرینە ببن، ئەم ئایدۆلۆژیایە بەگشتی پشتگیری سیاسەتی تاکزمانی - بەکارهێنانی تەنها یەک زمانی نیشتیمانی یان فەرمی دەکات لە هەموو لایەنەکانی ژیانی گشتیدا، وەک پەروەردە، حکومەت، میدیا و بازرگانی و کارگێڕی[1]، بەگشتی پشتگیری سیاسەتی تاکزمانی دەکات لە چەندین بواری گرنگی ژیاندا، وەک پەروەردە و فێرکردن، کارگێڕی حکومی، میدیا و ڕاگەیاندن، و بازرگانی و پەیوەندییە ئابوورییەکان، بەڵام هەرچی کریستالە، پێیوایە کە ئایدۆلۆژیای توانەوەی زمان ئاماژەیە بۆ یەکگرتنی چەند زمانێک بۆ سیستەمی زمانەوانی یەکگرتوو یان تێکەڵاو، ئەم دیاردەیە زۆرجار لە کۆمەڵگا فرەزمانەکاندا ڕوودەدات، کە بەهۆی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسی، کلتووری و ئابوورییەکانەوە کاردەکات، توانەوەی زمانی چەندین کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا لە ئاستی کلتووری هەیە، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی لەدەستدانی شوناسی کلتووری و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کەمبوونەوەی فرەچەشنی کلتووری، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش، دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی کۆمەڵگای کەمینەکان، دروستبوونی کەلێنی نێوان نەوەکان و لاوازبوونی پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی[2]، چونکە ئەم زمانانە زۆرجار کەم بایەخ دەکرێن یان لە بوارە فەرمییەکان دوور دەخرێنەوە، ئەمە پەراوێزخستنی کۆمەڵگای پێکهاتەکان و پشتگوێخستنی فرەزمانییە، ئەو سیاسەتە زمانییەی کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای تواندنەوەی زمانی دامەزراوە، لە جیهانی ئەمڕۆدا، چەندین نموونەی بەرچاوی ئەم دیاردەیە دەبینرێت، لە فەرەنسا سیاسەتی زمانی لەسەر بنەمای باڵادەستکردنی زمانی فەرەنسی دامەزراوە، کە بووەتە هۆی لاوازبوونی زمانە هەرێمییەکان وەک بریتۆنی، باسک و ئۆکسیتان، هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، زمانی ئینگلیزی باڵادەستە لە سیستەمی پەروەردە، دامەزراوە فەرمییەکان و پەیوەندییە بازرگانییەکان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە، پێویستە چەندین ڕێگەچارە بگیرێتە بەر لەسەر ئاستی یاسایی، گرنگە یاسای پاراستنی مافە زمانییەکان دابنرێت، دانپێدانانی فەرمی بە فرەیی زمانی بکرێت و پشتگیری لە پەروەردەی دووزمانی بکرێت[3]، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، پێویستە ڕۆڵی زمانی پێکهاتە کەمینەکان لە میدیا بەهێز بکرێت، پشتگیری لە چالاکییە کلتوورییەکان بکرێت و هانی بەکارهێنانی زمانی دایک لە خێزان بدرێت.

پاراستنی فرەزمانی و بەرەنگاربوونەوەی توانەوەی زمان پێویستی بە هەوڵێکی بەکۆمەڵ هەیە، گرنگە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکومەتەکان گرنگی بە پاراستنی زمانە کەمینەکان بدەن و پشتگیری لە فرەزمانی بکەن، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگاش ڕۆڵی خۆیان لە پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکەیان ببینن، تەنها بە هەوڵی بەکۆمەڵ و بەردەوام دەتوانین بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببینەوە و فرەزمانی وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کلتووری بپارێزین.

[1] ئەمیر حەسەنپوور، سەرچاوەی پێشوو، ل 74.

[2] David Crystal, English as a global language. Cambridge: Cambridge University Press. - Google Books, 2003. P.87.

[3] یوسف حسن حسین، کاریگەری بەجیهانبوون لەسەر کولتور، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەلناسی، هەولێر. 2014، ل76.

زمانی کوردی وەک یەکێک لە کۆنترین زمانەکانی ناوچەکە، بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین سیاسەتی هەوڵی توانەوە بووەتەوە، ئەم هەوڵانە خۆیان لە قەدەغەکردنی فێرکردن بە زمانی کوردی، سنووردارکردنی بەکارهێنانی لە میدیا و پەراوێزخستنی لە کارە فەرمییەکان دەبینییەوە[1]، ئەم دۆخە لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەشێوەیەکی سیستەماتیک بەردەوام بووە و کاریگەری قووڵی لەسەر پەرەسەندنی زمانەکە هەبووە، لە سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی پاش دابەشبوونی کوردستان، زمانی کوردی ڕووبەڕووی قۆناغێکی نوێی سەرکوتکردن بووەوە، لە تورکیا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤-١٩٩١ بەکارهێنانی زمانی کوردی بە تەواوی قەدەغە کرابوو، ئەم سیاسەتە تەنها پەیوەندی بە قەدەغەکردنی زمانەوە نەبوو، بەڵکوو هەوڵێکی بەرفراوان بوو بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی، لە عێراقیش سەرەڕای هەندێک ماف کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا بە کورد درابوون، بەڵام لە سەردەمی بەعسدا (١٩٦٨-٢٠٠٣) هەوڵی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و سنووردارکردنی زمانی کوردی درا[2]، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی ئەم سیاسەتە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی زمانی کوردی، کەلێنێکی گەورە دروستبووە، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە زمانی کوردی تیایاندا قەدەغە کراوە، ئەم دۆخە بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی کلتووری و کەمبوونەوەی توانای گواستنەوەی کەلەپووری کلتووری، هەروەها دۆخێکی دووبەشی شوناسی درووستکردووە کە تیایدا خەڵک ناچار بوون لە نێوان زمانی دایک و زمانی فەرمیدا ڕاڕا بن.

سەرەڕای ئەو هۆکارانەی باسکران، چەندین هەوڵی ئەرێنی دراون، بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی گرنگن، لەوانە دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی و کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکان، هەروەها پەرەسەندنی میدیای کوردی، لە ڕێگەی دامەزراندنی کەناڵە ڕاگەیاندنە کوردییەکان و گەشەی ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕۆڵێکی گرنگی لە بووژانەوەی زمانەکەدا هەبووە. ئەم هەوڵانە سەرەڕای سنووردارێتییان، دەرخەری خۆڕاگری و بەردەوامی خەباتن بۆ پاراستنی زمان و کلتووری کوردی.

### ١-٢-٢ ئایدۆلۆژیای فرەزمانی

ئایدۆلۆژیای فرەزمانی بریتییە لە پێکەوەژیان و پاراستنی چالاکانەی فرەزمانی لە ناو یەک کۆمەڵگادا. ئەم ئایدۆلۆژیایە وەک سەرچاوەیەکی کلتووری، کۆمەڵایەتی و فیکری دادەنرێت، کە جەخت لەسەر بەهای هەر زمانێک دەکاتەوە و ڕۆڵی هەر یەکێکیان لە دەوڵەمەندی دەربڕین و زانینی مرۆڤدا ڕوون دەکاتەوە. جیاوازی ئەم ئایدۆلۆژیایە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای تاکزمانی ئەوەیە، کە ئایدۆلۆژیای فرەزمانی پشتگیری لە ناسینەوە، پاراستن و پێکەوەژیانی چەندین زمان لە ناو یەک کۆمەڵگادا دەکات[3]، لەکاتێکدا ئایدۆلۆژیای تاکزمانی تەنیا بایەخ بە یەک زمان دەدات و زۆرجار زمانە کەمینەکان لەبەرچاو ناگرێت، بەپێچەوانەوە بایەخ بە فرەزمانی دەدات و هەوڵی پاراستنی زمانە کەمینەکان و ناسنامە کەلتورییەکان دەدات، واتە ئەم ئایدۆلۆژیایە پشتگیری لەو سیاسەتانە دەکات، کە هانی فرەزمانی دەدەن و دڵنیایی دەدەن، لەوەی کە زمانە کەمینەکان شوێنیان لە کۆمەڵگا هەیە و بەکارهێنانیان لە کەرتەکانی پەروەردە، حکومەت و میدیادا هەیە[4].

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای فرەزمانی ڕێزگرتنە لە هەمەجۆری زمانی و دانپێدانان بە بەهای هەر زمانێک، بەبێ ئەوەی زمانە باڵادەستەکان کاریگەری خراپە لەسەر زمانە کەمینەکان دروست بکەن. ئەم ئایدۆلۆژیایە هەوڵ

[1] ئەمیر حەسەنپوور، سەرچاوەی پێشوو، ل 67.

[2] سالح کریم، شێوەزارەکانی زمانی کوردی و ستانداردکردنیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆک، دهۆک، 2015، ل55.

[3] سەلام ناوخۆش، ستانداربوونی زمانی کوردی لەنێوان سیاسەت و سیاسەتی زمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.2010، ل55.

[4] محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، هەولێر. 2010، ل158.

دەدات میراتی زمانەکان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی و کلتووری سەیربکات و یەکسانی لە دەرفەتەکاندا بۆ هەموو گرووپە زمانیەکان دابین بکات، بەتایبەت لە بوارەکانی پەروەردە، حکومڕانی و چالاکییە کلتوورییەکان[1].

لە دەستووری هیندستاندا فرەزمانی چەسپاوە، کە دان بە ٢٢ زماندا دەنێت ڕێگەدەدات بەکارهێنانیان لەکەرتی حوکمڕانی و پەروەردەدا، بەهەمان شێوە لە دەستوری عێراقدا دان بە زمانی عەرەبی و کوردی دەنێت وەک زمانی فەرمی جگە لەوەی دان بە زمانی کەمینەکان دەنێت لەو شوێنانەی کەوا ژمارەی دانیشتووانی تێدا چڕبۆتەوە، یونسکۆ بۆ پاراستنی زمانی کەمینەکان لە لەناوچوون هەوڵدەدات لەگەڵ بنەماکانی فرەزمانیدا بگونجێت، بەجۆرێک هەوڵەکان بریتین لە پڕۆژەی بەڵگەنامەسازی و کەرتی پەروەردەیی[2]، جگە لەوەی فرەزمانی ئایدۆلۆژیایەکی پێشکەوتنخوازانەیە، بەڵام ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک دەبێتەوە، بەجۆرێک جێبەجێکردنی سیاسەتی فرە زمانی دەتوانێت تێچووی زۆری هەبێت و ئاڵۆز بێت و لە بوارەکانی پەروەردە و حکومڕانی میدیادا، هەروەها بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی و زمانە جیهانییەکانی دیکە زۆرجار مەترسی دەخەنە سەر زمانی پێکهاتەکان[3]، هەروەها بەشێک لە ڕەخنەگران فرەزمانی وەک ڕێگرییەک دەبینن لەبەردەم سەروەری ولات و یەکگرتووی نەتەوەیی، بەجۆرێک فرەزمانی نوێنەرایەتی تێروانینێکی گشتگیردەکات بۆ بەڕێوەبردن و سوودە کلتوری و هزری و کۆمەلایەتییەکان بۆ پاراستنی زمانەکان دەخاتەڕوو، لەهەمان کاتیشدا جەخت دەخاتە سەر سیاسەتێکی دادپەروەرانە بۆ دلنیابوون لە مانەوەیان و پیشاندانی چوارچێوەیەکی گرنگی لایەنی پەروەردە و یەکسانی و هەمەجۆری کلتووری لە کۆمەلگا فرەزمانەکاندا .

## ٣-٢-١ ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی

ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی بریتییە لە پێشخستن و گەشەپێدانی زمانە خۆجێییەکان(کە زۆرجار بە زمانی خۆماڵی ناودەبرێن) بۆ بەکارهێنان لە بوارە فەرمییەکانی وەک پەروەردە، حکومەت و میدیا، ئەم ئایدۆلۆژیایە هەوڵ دەدات زمانە خۆجێییەکان بەرز بکاتەوە و ڕێگە بە خەڵک بدات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زمانی دایکی خۆیان بەکاربهێنن، بەمەش هەستی ناسنامەی کلتووری و شانازی بەهێز دەکات[4]، زاری نەتەوەیی ئاماژەیە بۆ ڕێککەوتنی بەکۆمەڵ لە ناو کۆمەڵگایەکدا بۆ وەرگرتنی ناوێک یان دەستنیشانکردنێکی هاوبەش کە هێمای یەکگرتوویی و ناسنامەی نەتەوەییە. هەلبژاردنی زارێکی زمانی نەتەوە و کردنی بە زمانی فەرمی وڵات ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتەیە، کە جەخت لەسەر زیندووکردنەوەی زمانی نەتەوە دەکات[5]، ئەم ئایدۆلۆژیایە زۆرجار لەو چوارچێوەیانەدا سەرهەڵدەدات، کە دەوڵەمەندە بە فرەچەشنی زمانی، کلتووری، نەتەوەیی، یان سیاسی، بە هەلبژاردنی زارێکی نەتەوەیی، کۆمەڵگاکان دەچنە قۆناغێکی نوێی سیاسی و کلتووری، چونکە چالاکییە زمانییەکان فراوانتردەبن و کلتووری هاوبەش و تایبەتمەندی نەتەوەیی جیاواز پیشاندەدات. لە ئەنجامدا لێکتێگەیشتن و هەستی هاوزمانی و کلتووری هاوبەش لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەدا دروست دەبێت[6]، پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی تەنها زمان پاراستن نییە، بەڵکوو فراوانترکردنی ناسنامە و کولتوور و شانازیی نەتەوەیە، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە زمانەوە هەیە[7].

---

1 Joshua A. Fishman, Theoretical and empirical foundations of assistance to threatened languages. Clevedon: Multilingual Matters. Reversing Language Shift - Google Books, 1991, p.67-68

2 UNESCO, previous source, p.3.

3 David Crystal, previous source, p.88.

4 ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل85.

5 سەلام ناوخۆش، سەرچاوەی پێشوو، ل56.

6 ڕەفیق سابیر، بەستانداردکردنی ئەلف و بیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی بلاوکراوەی غەزەلنوس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، 2014، ل18.

7 Joshua A. Fishman, previous source, p.70.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

لە کوردستاندا، پەسەندکردنی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی ڕوونە، چۆن ئەم ئایدۆلۆژیایە دەتوانێت یارمەتی پاراستنی زمان و ناسنامەی کلتووری بدات لە ئاستی جیهانیدا، یونسکۆ پشتگیری لە پەسەندکردنی زمانی پێکهاتەکان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە پاراستنی زمانەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پاراستنی هەمەجۆری کلتووری هەیە. بەم شێوەیە ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی نەک تەنها یارمەتی پاراستنی زمانەکان دەدات، بەڵکوو یەکێتی نیشتمانی و هەستی ناسنامەی کلتووری بەهێز دەکات.

### ١-٢-٤ ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان

سیاسەتی دەستوەردنەدان لە زمان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، دەوڵەت یان دەسەڵاتی حوکمڕان خۆی لە پەرەسەندن، بەکارهێنان، یان پێکهاتەی زمانەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریدا بەدوور بگرێت. ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی ڕێبازێکی بێلایەنە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زمانەکان دەبێ بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن بەبێ دەستوەردانی حکومەت. ئەم ئایدۆلۆژیایە هیچ دەستوەردانێکی حکومی، دامەزراوەیی، یان کۆمەڵایەتیی لەسەر پەرەسەندنی سروشتی، بەکارهێنان، یان هەڵبژاردنی زمانەکان لەناو کۆمەڵگەیەک یان دەوڵەتێکدا نیە[1]، ئەم سیاسەتە ئاماژەیە بۆ بڕیاری بە ئەنقەست لەلایەن حکومەتەکان یان دامەزراوەکانەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لە ڕێکخستنی دۆخی زمانە تایبەتەکان و ڕێگریکردن لە پێشخستنی زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەدا. بەڵکوو ڕێگە بە زمانەکان دەدات بە شێوەیەکی سروشتی پێکەوە بژین و گەشە بکەن. ئەمەش بەهۆی حەز و ئارەزوو و بەکارهێنانی قسەکەرانەوە هەنگاودەنێت. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، تاک و کۆمەڵگا مافی ئەوەیان هەیە کە کام زمان (یان زمانەکان)بەکاربهێنن بەبێ فشار و ڕێکخستنی دەرەکی. قسەکەران بەشێوەیەکی ئازادانە و بە پشت بەستن بە کاریگەرییەکانی دەوروبەر، زمانەکان هەڵدەبژێرن. زۆرجار بەکارهێنان و پەسەندکردنی زمان بەپێی سوودی ئابووری یان کۆمەڵایەتی دەبێت، نەک بەپێی سیاسەتەکانی دەوڵەت.

ئەم ئایدۆلۆژیایە پێکەوەژیانی زمانی دەخاتەڕوو، چونکە هیچ زمانێک بەسەر ئەوانی دیکە باڵادەست نییە و هیچ فاکتەرێکی دەرەکی کاریگەری ناخاتە سەر پەرەسەندنی زمانەکان، دەستوەردنەدان لە زمان ڕێگری لە زاڵبوونی یەک زمان بەسەر ئەوانی دیکەدا دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی لەسەر پەراوێزخستنی کلتووری نەتەوەیی. بۆ نموونە، لە سویسرا سەربەخۆیی زمانەوانی بە کانتۆنەکان دەدرێت، ئەمەش ڕێگە بە زمانەکان دەدات بەبێ سەپاندنی فیدراڵی گەشە بکەن[2].

### ١-٢-٥ ئایدۆلۆژیای نێودەوڵەتیکردن

ئایدۆلۆژیای نێودەوڵەتیکردن لە سیاسەتی زمانیدا، پشتگیری لە بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی زمانێکی نێودەوڵەتی بەرفراوان دەکات(زۆرجار زمانێکی جیهانیی هاوبەش وەک ئینگلیزی، یان فەرەنسی، چینی) بۆ مەبەستی ئاسانکردنی پەیوەندی جیهانی، بەشداری ئابووری و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. هەڵبژاردنی زمانێکی نێودەولەتی یان نانەتەوەیی دەشێ لە بەکەم سەیرکردنی زمانی نەتەوەوە سەرچاوە بگرێ، بە پاساوی ئەوەی زمانی زانست نییە، یاخود بەهۆی ئەوەی هیچ بایەخێکی نییە لە بازاڕی کار بۆ دەستکەوتنی هەلی کار[3]، واتە ئەم ئایدیۆلۆژیایە گرنگی دەدات بە دەستگەیشتن بە زمانێک کە قسەکەران لە سەرووی سنووری نیشتیمانییەکانەوە پێکەوە دەبەستێتەوە، ڕێگەیان پێدەدات لە گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکاندا بەشداری بکەن وەک بازرگانی، ئەکادیمیا، زانست و تەکنەلۆژیا، ئایدیۆلۆژیای نێودەوڵەتیکردن زۆرجار هانی فێرکردن و بەکارهێنانی زمانێکی جیهانی دەدەن لە پاڵ یان تەنانەت لەسەرووی زمانە خۆجێیی یان نیشتیمانییەکان،

[1] ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل86.

[2] Francois Grin, Language Policy Evaluation and the European Charter for Regional or Minority Languages. Palgrave Macmillan - Google Books, 1999, P.102.

[3] ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل86.

بەتایبەتی لە پەروەردە، حکومەت و بازرگانیدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە پشت بەو بۆچوونە دەبەستێت کە زاڵبوون بەسەر زمانێکی بەرفراواندا دەرفەتی زیاتر بۆ هاوڵاتیان دەڕەخسێنێت و کێبڕکێی نەتەوەیەک لە ئابووری جیهانیدا زیاددەکات، نموونەی ئەم ئایدیۆلۆژیایە زۆر وڵات لەخۆدەگرێت کە گرنگی بە زمانی ئینگلیزی دەدەن لە سیستەمەکانی پەروەردەیاندا، هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەوانەیە زمان و کلتووورە خۆجێییەکان لاواز بکات، هاوشێوەیی زمانەوانی (linguistic homogenization)پەرەپێبدات و نایەکسانی دروست بکات بۆ ئەوانەی کە دەستیان بە پەروەردەی باش ناگات لە زمانە نێودەوڵەتییەکەدا.[1]

ئایدۆلۆژیای نێودەوڵەتیکردن هەوڵدەدات سنووورە نیشتمانییەکان تێدەپەڕێنێت لە ڕێگەی پەروەردەکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن و هاوکاری جیهانی لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن لە هەمەجۆریی، جەخت لەسەر گونجاندن لەگەڵ نۆرمەکانی جیهان دەکاتەوە لە هەمان کاتدا ناسنامە کلتوورییە ناوخۆییەکان تێکەڵ دەکات، هەوڵدەدات دەسەڵاتی گشت سنوورەکان ببڕێت، تایبەتمەندییە جیهانییەکان گەشەپێدەدات و جەخت دەکاتە سەر گونجاندنی ئەو پێشکەوتنانە لەگەڵ چوارچێوە ناوخۆییەکان، ئەم ئایدۆلۆژیایە ڕۆڵێکی سەرەکی لە کاراکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگێڕێت، بڵاوبوونەوەی زمانەکانی وەک ئینگلیزی، یان هەر زمانێکی دیکە پەیوەندی جیهانی ئاسان دەکات، بەڵام لەوانەیە ببێتە هۆی باڵادەستی زمان[2]، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات کلتووورە پەراوێزخراوەکان بخاتە ناو گفتوگۆ جیهانییەکانەوە لەڕێگەی تێکەڵکردنی نەریتەکان لە ڕێگەی هونەر و میدیا و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندیەکی زۆر باش لەنێوان گەلانی ولات جیاواز، بەڵام زۆرجار زاڵبوونی کولتووورە جیهانییەکان کە زۆرجار پەیوەستن بە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە دەتوانێت بەربەست بخاتە بەردەم پێشکەوتنی نەریت و ناسنامە ناوخۆییەکانەوە[3].

### ١-٢-٦ ئایدۆلۆژیایی زمانی نێودەڵەتی نانەتەوەیی

یەکێک لە جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا ئایدۆلۆژیای زمانی نێودەڵەتی نانەتەوەییە، ئەم ئایدۆلۆژیایە بریتییە لە پەسەندکردنی زمانێکی نانەتەوەیی (وەک ئینگلیزی) وەک زمانی فەرمی لە وڵاتێکدا، ئەمەش دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ هۆکارە مێژووییەکان و کاریگەرییە ئاینییەکان، داگیرکاریی و دواکەوتوویی کلتووریی گەلانی ژێردەستە، لە وڵاتانی وەک (هیندستان، فلیپین، و سەنگافورە)، کە زمانی ئینگلیزی وەک زمانی فەرمی هەڵبژێردراوە[4]، هەندێک جار دەسەڵاتی سیاسیی، زمانی ڕەسەنی وڵات بە زمانێکی لاواز و نزم دەبینن و پێیان وایە کە زمانی زانست و پێشکەوتن نییە، لەئەنجامدا پەنا دەبەنە بەر پەسەندکردنی زمانێکی نانەتەوەیی[5]، بوونی ململانێ و ژمارەیەکی زۆری زار لە وڵاتانی فرەزمان یان فرەزار، هۆکارە بۆ بوونی گرژی و نەبوونی ئاسایشی زمانی، ئەمەش دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە. دەسەڵاتدارەکان هەوڵدەدەن بە کەمترین کات و تێچووی داراییەوە بگەنە ئاستی گەلانی پێشکەوتوو، ئەمەش بە هەڵبژاردنی زمانێکی نێودەوڵەتی وەک ئینگلیزی پرۆسەکە ئاسانتر دەکات[6].

هەڵبژاردنی زمانێکی نێودەڵەتی نانەتەوەیی وەک زمانی فەرمی دەبێتە هۆی ئاسانکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکە و زیادکردنی دەرفەتە ئابوورییەکان و ئاسانکردنی پەیوەندییە ئەکادیمییەکان و دەرفەتی خوێندنی بەرزتر بۆ خوێندکاران[7]، لە وڵاتانی فرەزمانی هەڵبژاردنی زمانێکی نێودەوڵەتی نانەتەوەیی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی

---

[1] Annamalai, Political and linguistic manifestations. New Delhi: SAGE Publications. Managing Multilingualism in India - Google Books, 2001, P.57.

[2] Robert Phillipson, Linguistic imperialism. Oxford: Oxford University Press, - Google Books, 1992, P.37.

[3] David Crystal, previous source, p.56.

[4] سەلام ناوخۆش، سەرچاوەی پێشوو، ل58.

[5] [5] Robert Phillipson, previous source, p.47.

[6] ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل87.

[7] [7] Annamalai, previous source, p.62.

ململانێی ناوخۆیی لەسەر زمانی فەرمی، لە سەنگافورە زمانی ئینگلیزی وەک زمانی فەرمی هەڵبژێردراوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی فرەزمانی و پەرەپێدانی کەرتی ئابووری[1]، هەروەها دەکرێت ئاینی پیرۆزی ئیسلام هۆکاربێت بۆ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بەتایبەتی لەو دەولەتانەی یان ئەو نەتەوانەی کە عەرەب نین.

### ١-٢-٧ ئایدۆلۆژیای سیاسەتی زمانی کەرتی (سێکتەری)

سیاسەتی زمانی کەرتی ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی ئامانجدار یان پێشخستنی بەکارهێنانی زمان لەناو کەرتە تایبەتەکانی کۆمەڵگادا، وەک پەروەردە، بازرگانی، حکومەت، چاودێری تەندروستی، یان میدیا بە پێچەوانەی سیاسەتە گشتیەکانی زمان کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری نەتەوەیەک یان ناوچەیەکدا بەکاردەهێنن، سیاسەتە کەرتییەکان سەرنج دەخەنە سەر باشکردنی بەکارهێنانی زمان لە بوارە تایبەتەکان بۆ دابینکردنی پێداویستی و ئامانجە تایبەتەکانی کەرتەکان .

ئەم سیاسەتە بریتیە لە پەیڕەوکردنی پلانگەلێکی یاسادانانی تایبەت کە لە بوارێک یان زیاتر خۆی دەنوێنێت، ئەم بنەمایە بەشێوەیەکی کەرتی لەبواری پەروەردە و فێرکردن و هەندێک لایەنی دیکەی وەک میدیا و تەندروستی و چەند بوارێکی دیکە بەکاردێت[2]، سیاسەتی زمانیی کەرتی ئاماژە بەو بوارە دیاریکراوانە دەکات کە سیاسەتی زمان تێدا جێبەجێ دەکرێت بۆ داڕشتن و بەکارهێنانی زمان لە ناو کۆمەڵگادا، دەتوانین بڵێین بریتییە لە سیستەمێکی بەرنامە بۆداڕێژراو بۆ ڕێکخستن و بەکارهێنانی زمان لە ناو سیستەمی پەروەردەدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە هەوڵدەدات زمان وەک ئامرازێک بۆ بەرەو پێشبردنی سەرجەم لایەنەکانی سیستەمی پەروەردە بەکاربهێنێت، ڕۆڵێکی گرنگیشی لە ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی زمان هەیە، نەک تەنها کاریگەری لەسەر فێربوون، بەڵکوو لەسەر کلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش هەیە .

سیاسەتی زمان لە کەرتی حکومەتدا بڕیاردەدات کام زمانانە لە بەڵگەنامە فەرمییەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دادگاییکردن و پەیوەندییەکاندا بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە، وڵاتێک لەوانەیە یەک یان چەند زمانی فەرمی بۆ مەبەستی کارگێڕی دیاری بکات، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە گشتگیری و دەستگەیشتن بە کۆمەڵگا زمانەوانییە جیاوازەکان.

ئایدۆلۆژیایی زمانی کەرتی بریتیە لە ڕێکخستن و بەکارهێنانی زمان لە ناو میدیادا، هەوڵدەدات زمان وەک ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە شێوەیەکی کاریگەر، سیاسەتی زمان لە بواری میدیادا کاریگەری لەسەر ئەو زمانانە هەیە، کە لە پەخشی ڕۆژنامەوانی و میدیا دیجیتاڵیەکاندا بەکاردەهێنرێن گرنگی ئەم ئایدۆلۆژیایەش ئەوەیە، کە لە ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی زماندا نەک تەنها کاریگەری لەسەر گەیاندن بەڵکوو لەسەر کۆمەڵگاش هەیە .

ئایدۆلۆژیایی زمانی کەرتی لە بواری بازرگانی و ئابووری، سیاسەتەکانی زمان لە بواری بازرگانیدا مامەڵە لەگەڵ پێویستی فرەزمانی دەکەن بۆ ئاسانکردنی بازرگانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ئەم سیاسەتە هەوڵی بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت دەدات لەو کەرتە، بەمەبەستی هەماهەنگی و دەستپێڕاگەیشتنی زیاتر و دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمەتر لەو بوارەدا، بێگومان ئامانجی ئەم سیاسەتەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک لایەن بەتایبەتی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری لەبوارەکانی ئاماژەپێکراو بە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی پەیڕەوی ئەم ئایدۆلۆژیاییە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا پێشخستن و پاراستنی زمانە ناوچەییەکان یان کەمینەکان، هەروەها فێربوونی زمانی بیانی لەپاڵ زمانی نەتەوەیی و ڕەسەنی ناوچەکە[3]، جگە لەوەی هەوڵدەدات زمان لە کەرتی میدیا ڕێکبخات بۆ پێشخستنی هەمەجۆری زمانی و گەیشتن بە زانیاری و و دەنگوباسە جیهانیەکان، لە سویسرا، بەشێک لە کەنالەکانی میدیایی بە زمانەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ڕۆمانش پەخشدەکرێن، کە ڕەنگدانەوەی فرە زمانی وڵاتەکەیە[4]

### ١-٢ سیاسەتی زمانی لە یاساکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق

---

1 David Crystal, previous source, p.91.

2 ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل88.

3 3 Annamalai, previous source, p.46.

4 Francois Grin, previous source, p.92.

### ٢-١-١ (سیاسەتی زمانی لە یاسای خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق[1])

دوابەدوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و هەستکردن بە گرنگی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی تایبەت بە خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی، هەر لە خولی یەکەمدا یاسایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٣ تایبەتکرا بەو یاسایە، ئەم یاسایە لە (چوار باب و چل و یەک مادده پێکهاتووە)، یەکەمین یاسایە تایبەت بە کاروبارەکانی خوێندنی باڵا، پالپشت بەم یاسایە ئەنجوومەنێک دامەزرا بەناوی (ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێم)، ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، سەرپەرشتی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستانی دەکرد. پەیکەری نوێی و ئامانج و دیدگاو دەسەڵاتی ئەم دامەزراوەیەیی پێناسەکردەوە، هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی لەژێر چەتری ئەم ئەنجوومەنە کۆکردەوە، ئەم دامەزراوەیە لەلایەن ئەنجوومەنێکەوە کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بوو بەڕێوەدەبرا، پێکهاتبوون لە: (جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری پەروەردە، سەرۆکی زانکۆکان، سەرۆکی دەزگای پەیمانگا هونەرییەکانی هەرێم و حەوت لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە).

لەبەر ئەوەی یەکەم یاسایە تایبەت بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، بۆیەشە ئاسایە ئەگەر بەدەرنەبێت لە کەموکووڕی. ئەوەی سەبارەت بە بابەتی زمانە لە کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی لەم یاساییەدا زمانی خوێندن دیارینەکراوە، کە ئایا خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەچ زمانێک بێت؟ سیاسەتێکی ڕوون و ڕەوان نەبووە بۆ ئەم بابەتە.

ماددەی پێنجەم کە تایبەت بوو بە ئەرک و تایبەتکاریانەی ئەو ئەنجوومەنە، لەخاڵی یەکەم ئاماژە بەوەدەکات ئەم ئەنجوومەنە (بڕیار لەسەر دانانی نەخشە پێویستەکانی پەرەپێدانی بەرنامەکان و هاندانی بزووتنەوەی دانان و لێکۆڵینەوەی زانستیی و وەرگێڕان لەزانکۆ و پەیمانگا هونەریەکاندا[2])، بەجۆرێک ئەم ئەنجوومەنە لە دەسەڵاتیدابوو نەخشەڕێگای پەرەپێدانی بەرنامەکان دابڕێژێت و لەپاڵیشیدا زمانی خوێندن بۆ پرۆگرامی خوێندن و ئەو بەش و کۆلێژ و زانکۆیانە دیاربکات، لەگەڵ ئەوەشدا هاندانە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگێران، بەڵام بەبێ ئەوەی زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەست دیاربکرێت، ئایا ئەو زمانەی کەبۆی وەردەگێڕدرێت زمانی کوردی یان عەرەبی یان تورکمانی یان، هەر زمانێکی دیکەیە.

سەبارەت بەزمانی پێکهاتەکان لە کوردستاندا هەر لەهەمان مادده لە خاڵی دووەمدا هاتووە(دانانی نەخشەی پێویست بۆ هاندانی زانستیی و ئەکادیمی زمان و ڕۆشنبیری ئاشووری و تورکمانی لە کوردستاندا)، بەجۆرێک ئەو زمانانەی ئاماژەپێکراون ئەو ئەنجوومەنە ئەرکە لەسەری کە سیاسەت و پلانی خۆی وەها دابڕێژێت بەئاراستەی هاندان بێت بۆ گرنگیدان بە زمانی ئاشووری و تورکمانی لەم دامەزراوەیە.

هەروەک باسکرا ئەم ئەنجوومەنە لەلایەن دەستەیەکەوە بەڕێوەدەبرا، کە سەر بە دامەزراوەی جیاجیابوون، بۆیەشە لەساڵی (١٩٩٧)، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٣٦)، لە (٢٨ی ١٢ی ١٩٩٧)، یاسایی ژمارە (١١)، یەکەمین هەمواری یاسایی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق هەمواركرا، ئەم یاسایە لەحەوت مادده پێکهاتووە و بەهیچ جۆرێک باس لە زمان لەم دامەزراوەیە نەکراوە[3].

دەکرێت لەژێر ڕۆشنایی ئەم یاسایە کە ساڵێک دوایی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و یەکەمین هەمواری دوایی پێنج ساڵ کراوە، لەبەرئەوەی ئەم ئەنجوومەنە بە ئەندامێتی وەزیری پەروەردە پێکهاتووە، ئەم یاساییەش لەهەناوی یاسایی ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردە هاتۆتە ئاراوە، خاڵی سێیەمی ماددەی دووەمی یاسایی وەزارەتی پەروەردەدا بە (کردنی زمانی کوردی بەزمانی خوێندن لەگشت پلەکاندا[4])، بنەمابێت بۆ زمانی خوێندن لەگشت بەشەکانی زانستیی زانکۆکانی هەرێم، هەروەک لەخاڵی چوارەمی هەمان ماددەدا (زمانی کەمایەتییەکان زمانی فێرکردن

[1] یاسای خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی عێراق، 1993.
[2] بڕوانە یاسای خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی عێراق، 1993. ماددەی پێنجەم، خاڵی یەکەم
[3] بڕوانە یاسای ژمارە (11)، یەکەمین هەمواری یاسایی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی عێراق.
[4] بڕوانە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی پەروەردە، خاڵی سێیەمی ماددەی دووەم.

لەپلەی سەرەتاییدا بۆ کوڕوکاڵانیان لەو ناوچانەی کە تیایانـدا نیشـتەجێن)، دەکرێـت خـاڵی دووەمـی مـاددەی پێـنجەم لە یاسایی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق کە گرنگیدان بێـت بە زمـانی ئاشـووری و تـورکمانی لەم دامەزراوەیە.

لەژێـر ڕۆشـنایی ئایـدۆلۆژیایی سیاسـەتی زمـانی، لەم یاسـاییەدا ئەم ئەنجـوومەنە ئایـدۆلۆژیایی سیاسـەتی دەسـتەوەرنەدان پەیڕەودەکـات، بەجۆرێـک ئەم سیاسـەتە ئامـاژەیە بـۆ بڕیـاری بە ئەنقەسـت لەلایەن حکومەتەکـان یـان دامەزراوەکانەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لە ڕێکخستنی دۆخـی زمـانە تایبەتەکـان و ڕێگریکـردن لە پێشخسـتنی زمانێـک بەسـەر زمانەکانی دیکەدا. بەڵکوو ڕێگە بە زمانەکـان دەدات بە شێوەیەکی سروشـتی پێکەوە بـژین و گەشـە بـکەن، بێگومـان ئەم گەشەکردنەش وەستاوەتە سەر ئەو باگراوندە مێژووییەی کە ئەم زانکۆ و پەیمانگایانە هەیـانبووە، چـونکە هەروەک ڕوونە ئەم زانکۆ و پەیمانگایانەی ئەو سەردەمە لەپێش دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستاندا هەبوون و لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقەوە سەرپەرشتی دەکران و ئایدۆلۆژیایی پەسەندکردنی زمانێکی نەتەوەیی زمانی عەرەبی بـووە، جێبەجێکـراوە، زمـانی عەرەبی زمانی خوێندن بووە لەم دامەزراوەیە. بەڵام لە پاڵ ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی دەستوەرنەدان لە یاسایی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی ئایدۆلۆژیایی فرەزمانی پەیڕەودەکات، کە ئازادییەک دەدات بە زانکۆ و پەیمانگاکان بەگوێرەی بەشە زانستییەکانیان زمانی خوێندنیان دیاربکەن، لەپاڵ ئەوەشدا دەسـەڵات بەو ئەنجـوومەنە دەدات بـۆ گرنگیـدان و بایەخـدان بەزمانی پێکهاتەکان.

### ٢-١-٢ (سیاسەتی زمانی لە یاسای وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق[1])

دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمـی بەعسـی عێـراق لەسـاڵی (٢٠٠٣)، دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی فیـدراڵی و هەنگاوەکـانی نووسینەوەی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق، دەروازەی پیشکەوتن و گرنگیدان بە بنیاتنانی وڵات بەڕووی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کـرایەوە، حکـومەتی هەرێـم ئەم دەرفەتـانەی بەهەنـد وەرگـرت و هەنگـاوی لەبـارەیەوە هاویشـت، بێگومـان پێشـکەوتنەکان لەچوارچێـوەی دامەزراوەی بەهێـز و ڕێکخـراو خێراتـردەبن، بـۆ ئەم مەبەسـتەش حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی دەرکردنی یاسایی ژمارە (٣٣)ـی لەسـاڵی (٢٠٠٤)، تـایبەت بـوو بە (یاسـای وەزارەتـی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق)، هەنگاوی نا بۆ دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەتمەند بۆ ئەم بوارە و گۆڕینی پەیکەری (ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق)، بۆ وەزارەتی (یاسـای وەزارەتـی فێرکردنـی بـاڵا و لێکـۆڵینەوەی زانسـتیی بـۆ هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق)، بێگومـان ئەم یاسـایەش کە (وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی)، لەساڵی (٢٠٠٦)، هێنایەکایەوە دەستکەوتێکی گرنـگ و پیـدانی دەسـەڵاتی زیاتر و کارکردنی چالاکانەی زیاتری زانکۆکان بوو لەڕووی سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی و زانستیی.

ئەم یاسـاییە لە هەشـت بەش و پەنجـاو نـۆ مـاددە پێکهـاتووە، بەشـێوەیەکی گشـتی جـگە لەوەی ئامـانج و دیـدگاکانی وەزارەتەکـان دیاردەکـات، لەپاڵیـدا زیـاتر داڕشـتنی پەیـکەری زانکـۆ و پەیمانگاکـانە، لەگەڵ ئەوەشـدا بەشـی حەوتەمـی تایبەتکردووە بۆ زانکۆ ئەهلیەکان.

ئەوەی جێگـای داخ و سـەرنجە لەم یاسـاییەدا لەهـیچ شـوێنێک باسـی زمـانی خوێنـدن لە زانکـۆ و پەیمانگاکـان نەکراوە، تەنیا ئەوە نەبێت لە (ماددەی سێیەم[2])، تـایبەتە بە ئامانجەکـانی وەزارەت، لەخـاڵی یەکەمـدا ئامـاژە بەوەدەکـات یەکێـک لە ئامانجەکـانی وەزارەت (ڕەنگڕێـژتن و بەکارخسـتنی سیاسـەتی هەرێـمە لەبـواری فێرکردنـی بـاڵا و لێکـۆڵینەوەی زانستییدا)، بەناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ سیاسـەتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دیـاریکردنی زمـانی خوێنـدن وەک لە یاسایی ژمارە (٤)ـی ساڵی ١٩٩٢ـی وەزارەتی پەروەردە هـاتۆتە ئـاراوە، خـاڵی سـێیەمی مـاددەی دووەمـی یاسـایی وەزارەتـی

[1] یاسای وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق 2004.

2 بڕوانە ماددەی سێیەم، خاڵی یەکەم لە یاسای وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق 2004.

پەروەردە (کردنی زمانی کوردی بەزمانی خوێندن لەگشت پلەکاندا[1])، وەک باسکرا بەهۆی پەیوەندی توندووتۆلی هەردوو کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەم بڕگەیەی یاسایی وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی، گرێبدەین بە ماددەی دووەمی خاڵی سێیەمی یاسایی ژمارە (٤)ی وەزارەتی پەروەردە کە سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەخات، پەیڕەوکردنی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی فرەزمانییە لە هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێک تێکەڵ دەبێتەوە لەگەڵ ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی دەستوەرنەدانی زمانی، کە سیاسەتی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی فێرکردنی باڵا بەم شێوازە داڕێژراوە.

## ٣-١-٢ (سیاسەتی زمانی لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان – عێراق[2])

هەروەک لەپێشدا باسکرا یاسای ژمارە (٣٣)ی لەساڵی (٢٠٠٤)، تایبەت بوو بە (یاسای وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق)، وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی لەساڵی (٢٠٠٦)هێنایەکایەوە، لەبەر ئەو پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیانەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا دەڕۆیشت، لەبەرچاوگرتنی چەمک و میکانیزمەکانی پەیوەندیدار بە فەلسەفەی خوێندنی باڵا و گونجاندنی لەگەڵ پێشکەوتنەکان و ئامانجە پەیوەندیدارەکانی گەڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاسایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ تایبەتە بە یاسایی (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان – عێراق)، دەرچوو، لەم یاسایەدا دوو گۆڕانکاری لە ناوی وەزارەت ئاماژەپێکراو کران بەجۆرێک (فێرکردنی باڵا بۆ خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوە بۆ توێژینەوە، گۆڕدران). کە ناوی وەزارەت بەم شێوەیەی لێهات.

ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێم ١٩٩٣
وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی ٢٠٠٤
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی ٢٠٠٨

ئەم یاساییە لە نۆ بەش و پەنجاو شەش ماددە پێکدێت، کە گوزارشتە لە ئامانج و دیدگای وەزارەت و پەیکەری وەزارەت و زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتیەکان، لەم یاساییەدا بۆ یەکەمین جار [3]و لەمێژووی یاساکانی تایبەت بە (ئەنجوومەن یان وەزارەتی فێرکردنی باڵا یان وەزارەتی خوێندنی باڵا)، دەستەواژەی (زمانی کوردی)، لە بەشی دووەمی ماددەی دووەمی خاڵی دوازدەدا بەکارهات، کە کۆتا ئامانجی وەزارەتی خوێندنی باڵا (کارکردن لەپێناوی کردنی زمانی کوردی بەزمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەکاندا و هاندانی وەرگێڕان ودانان و چاپەمەنییە زانستیی و ڕۆشنبیریی و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی).

ئەم بڕگەیە دەرخەری ئەوەیە کە یاساکانی پێشتری تایبەت بە کەرتی خوێندنی باڵا خۆیان بەدوور گرتووە لە دیاریکردنی زمانی خوێندن، بۆ بەشە زانستییەکانی زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان، بەجۆرێک پەیڕەوی سیاسەتی دەستوەرنەدان کراوە لەو ماوەیی ڕابردوودا، چونکە ئەم سیاسەتە (ئایدۆلۆژیایی دەستوەرنەدان)، هیچ دەستوەردانێکی حکومی، دامەزراوەیی یان کۆمەڵایەتیی نیە لەسەر پەرەسەندنی سروشتی، بەکارهێنان، یان هەڵبژاردنی زمانەکان لەناو کۆمەڵگەیەک یان دەوڵەتێکدا[4]. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بڕیاری بەئەنقەست لەلایەن حکومەتەکان یان دامەزراوەکانەوە بۆ خۆبەدوورگرتن لەڕێکخستنی دۆخی زمانە تایبەتەکان و ڕێگریکردن لەپێشخستنی زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەدا.

---

1 بڕوانە یاسای ژمارە(4)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی پەروەردە، ماددەی سێیەم خاڵی یەکەم.
2 یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق 2008.
3 بڕوانە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق 2008، بەشی دووەمی ماددەی دووەمی خاڵی دوازدەدا.
4 ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل 85.

لەگەڵ ئەوەی بۆ یەکەمینجارە ئەم دەستەواژەیە لە یاسایی خوێندنی باڵادا بەکاردێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئامانجی کردنی زمانی کوردی بە زمانی فێرکردن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا تەنیا بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانە نەک زانستە پەتی و کردارییەکان، وەک ئەوەی زمانی کوردی زمانی زانست نەبێت بۆ زانستە پەتی و کردارییەکان. لەهەمان خاڵدا هاتووە هانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستیی و ڕۆشنبیریی و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی، ئەمە بەهەمان شێوە لە ماددەی پێنجی یەکەم یاسایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٣ی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێم، ئەم ئەنجوومەنە لە دەسەڵاتیدابوو نەخشە ڕێگای پەرەپێدانی بەرنامەکان دابڕێژێت و لەپاڵیشیدا زمانی خوێندن بۆ پڕۆگرامی خوێندن و ئەو بەش و کۆلێژ و زانکۆیانە دیاربکات، لەگەڵ ئەوەشدا هاندانە بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەی وەرگێران، بەڵام بەبێ ئەوەی زمانی یەکەم و زمانی بۆ سەر وەرگێڕدراو دیاربکرێت، ئایا ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێت زمانی کوردی یان عەرەبی یان تورکمانی یان، هەر زمانێکی دیکەیە.

بەڵام لەم یاسایەدا زمانی بۆسەر وەرگێڕدراو دیاریکراوە کە زمانی کوردییە، هەر پەیوەندیدار بە پڕۆسەی وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی لە ماددەی سێیەم خاڵی دووەم، پەیوەستە بە بەدیهێنانی ئەرکەکانی وەزارەت (دانان و پەسەندکردنی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکان و هاندانی بزووتنەوەی دانان و توێژینەوەی زانستیی و وەرگێران لە زانکۆ و دەزگا زانستییەکاندا)، چونکە پرۆسەی وەرگێڕان پڕۆسەیەکی فرەڕەهەندە، پێویستی بەشارەزایی و لێهاتووی هەیە، خاڵی دەیەم لەماددەی دووەم (گەشەپێدانی شارەزایی ئەوانەی بەڵایەنی کەم زمانێکی بیانی دەخوێنن لە مەیدانی پسپۆڕییەکەیان و کارایی و شیاویان پێبدرێت بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا). ئەمیش لەپێناو خزمەتکردنی زیاتر بە پڕۆسەی فێرکردن لە زانکۆ و پەیمانگاکان.

هەرتایبەت بە پرۆسەی وەرگێڕان لەبەشی سێیەم ماددەی چوارەم، یەکەم، خاڵی ١٠، یەکێک لە دەسەڵاتەکانی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی (بەدواداچوونی پلانە پێویستەکان بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکان و هاندانی بزووتنەوەی توێژینەوەی زانستیی و دانان و وەرگێران لەدەزگاکانی خوێندنی باڵادا).

گەشەی زمان بەندە بە پارێزگاریکردن لە پاراستنی کەلەپووری نەتەوەیی، بۆ ئەم مەبەستەش لە خاڵی نۆیەمی ماددەی دووەم بەدیهێنانی ئامانجی (پاراستنی کەلەپوری گەلی کوردستان و گەشەپێدانی و گرنگیدان بەمێژوو و بەهاکانی و دەرخستنی شوێنەوارە شارستانییەکانی و گرنگیدان بە ڕۆشنبیری گشتی و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتیمانی)یە. چونکە ژینگەی پێکهاتەی کوردستان فرە نەتەوەییە، کلتورەکەشی فرە کلتوورییە، بەمەش تەنیا جەختکردنەوە نییە لە کلتووری نەتەوەیی گەلی کورد، بەڵکوو هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە.

ئەم یاساییە جیاواز لە یاساکانی پێشخۆیی پەیڕەوکردنی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی پەسەندکردنی زمانێکی نەتەوەییە، کە زمانی کوردییە، بەجۆرێک ئەم ئایدۆلۆژیایە جەخت لەسەر زیندووکردنەوەی زمانی نەتەوە دەکات[1]، ئایدۆلۆژیاییە لەو ناوچانەدا سەرهەڵدەدات، کە دەوڵەمەندن بە هەمەجۆری زمانی، کلتووری، نەتەوەیی، یان سیاسی، بەهەڵبژاردنی زارێکی نەتەوەیی، لەئەنجامدا لێکتێگەیشتن و هەستی هاوزمانی و کلتووری هاوبەش لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەدا دروستدەبێت، ئەمەش تەنها پاراستنی زمان نییە، بەڵکوو فراوانترکردنی ناسنامە و کلتووری نەتەوەیە، کە بەزمانەوە بەندن[2].

لەپێناو برەودان بە ڕەوتی زانست و ڕێکخستنەوەی سەرجەم دەزگا و ناوەندەکان لەچوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییدا، یاسایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤)، لە پەرلەمانی کوردستاندا دەرچوێندرا کە تایبەتە بە یاسایی هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨. ئەم یاساییە لە چوار ماددە پێکدێت و هیچ بابەتێکی پەیوەست بە زمانی باسنەکردووە.

### ٤-١-٢ (سیاسەتی زمانی لە یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق[3])

---

[1] سەلام ناوخۆش، سەرچاوەی پێشوو، ل56.

[2] Joshua A. Fishman, previous source, p.70.

[3] یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق 2013.

**یاسایی ژمارە(٢)ـی ساڵی ٢٠١٣ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو تایبەت بوو بە یاسایی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، دەرچوونی ئەم یاسایەش لەپێناو بەرزکردنەوەی توانا زانستییەکان و بەدەستهێنانی پسپۆڕی لەبوارە جیاجیاکاندا و پێشبڕکێی زانستیی لەنێوان ناوەندە حکومی و ناحکومیەکاندا هاتەکایەوە.**

**ئەم یاسایە لە شەش بەش و سی و چوار ماددە پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتە لە پەیکەر و ئامانج و ئەرکی زانکۆ و کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆ ناحکومیەکان، ئەوەی پەیوەندیداربێت بە بابەتی زمانەوە لەبەشی دووەم ماددەی شەشەم، (زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی تری جیهانی لەو زانکۆیانە زمانی خوێندنە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پسپۆڕییە مرۆییەکان کە لەلایەن وەزارەتەوە دیاردەکرێت، کە بەو زمانە فەرمیانە دەبێت کە لە دەستوور دەقیان لەسەر کراوە)، بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زمانی فەرمین لەوڵاتدا.**

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە ڕێگە بە پێکهاتەکانی کوردستان دەدات لەو شوێنانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە بەزمانی دایک بخوێنن بەڵام لە پاڵیدا زمانی کوردی لەگەڵ زمانی دایک بخوێنن، چونکە زمانی کوردی زمانی فەرمی و سەرەکییە لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها دوای دەرچوونی یاسایی زمانە فەرمییەکان لە عێراق و کوردستانیشدا لەساڵی ٢٠١٤ کە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە دەرچوون دووپاتی هەمان ماددەی ٤ـی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥ دەکەنەوە. ئەم مادەیە پێچەوانەی ماددەی چواری دەستووری هەمیشەیی عێراقە[1]، چونکە لە سەرتاسەری عێراق دوو زمانی ڕەسمی(عەرەبی و کوردی)ـیە، لەلایەکی تریشەوە لەکام بەشە مرۆڤایەتییەکان جگە لە (زمانی ئینگلیزی)، سەرجەم وانەکانی خوێندنیان تێیدا بەزمانی ئینگلیزیە[2]، جگە لەوەی زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکەی جیهانی دیارکراوە، بۆ بەشە مرۆڤایەتیەکان دەسەڵات دەدات بە وەزارەت بۆ دیاریکردنی زمانی خوێندن کە لە دەستووردا جێگیرکراوە کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو دوو زمانی فەرمی بەگوێرەی دەستووری عێراق بکرێت.**

**لەم یاساییەدا پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی زمانی کەرتی (سێکتەری)کراوە، بەوەی ئەم سیاسەتە ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی ئامانجدار یان پێشخستنی بەکارهێنانی زمان لەناو کەرتە تایبەتەکانی کۆمەڵگادا، ئەم سیاسەتە پەیڕەوکردنی پلانگەلێکی یاسادانانی تایبەتە کە لە بوارێک یان زیاتر خۆی دەنوێنێت، ئەم بنەمایە بەشێوەیەکی کەرتی لەبواری پەروەردە و فێرکردن و هەندێک لایەنی دیکەی وەک میدیا و تەندروستی و چەند بوارێکی دیکە بەکاردێت[3]، ئەمەش بە پێچەوانەی سیاسەتە گشتیەکانی زمانە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری نەتەوەیەک یان ناوچەیەکدا بەکاردەهێنن، سیاسەتە کەرتییەکان سەرنج دەخەنە سەر باشکردنی بەکارهێنانی زمان لە بوارە تایبەتەکان بۆ دابینکردنی پێداویستی و ئامانجە تایبەتەکانی کەرتەکان. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی سیاسەتی زمانی لە یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا (١٩٩٣-٢٠١٣)، لەم هێلکاریەیی خوارەوە دەخرێنەڕوو**

| ژ | ژمارە و ساڵی دەرچوونی یاسا | ناوی یاسا | سیاسەتی زمانی فەرمی | جۆری سیاسەتی زمان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ژمارە (١٢) ساڵی ١٩٩٣ | ئەنجومەنی خوێندنی باڵا | زمانی فەرمی دیارنەکراوە | ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان | ئاماژە بەزمان نەکراوە |
| ٢ | ژمارە (٣٣) ساڵی ٢٠٠٤ | وەزارەتی فێرکردنی باڵا | زمانی فەرمی دیارنەکراوە | فرەزمانی و دەستوەرنەدان | ئاماژە بەزمان نەکراوە |
| ٣ | ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ | وەزارەتی خوێندنی باڵا | زمانی کوردی لە پسپۆڕییە مرۆڤایەتییەکان | سیاسەتی فرەزمانی و دەستوەرنەدان و پەسەندکردنی زمانێکی نەتەوەیی | بۆ یەکەمین جار ئاماژە بەبابەتی زمان کراوە |

[1] **بڕوانە دەستووری هەمیشەی عێراق ساڵی 2005.**
[2] **تارق جامباز، سەرچاوەی پێشوو، ل176.**
[3] **ئازاد عزیز سلیمان، سەرچاوەی پێشوو، ل 85.**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ | زانکۆ تایبەتەکان | زمانی ئینگلیزی | سیاسـەتی زمـانی کەرتـی (سێکتەری) | خوێنـدن بەزمـانی ئینگلیزی |

خشتەی ژمارە(١) ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی سیاسەتی زمانی لە یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا (١٩٩٣-٢٠١٣)

## ٢-٢ کەتواری زمان لە ناو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی

### ٢-٢-١ زمانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان

لەهەرێمی کوردستاندا تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەهـۆی بـارودۆخی سیاسـی زمـانی عەرەبـی زمـانی خوێنـدن و فێرکـردن بـوو لەزانکـۆ و پەیمانگاکـان، دوای هاتنەکـایەوەی حکـومەت و پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتان قۆنـاغێکی نـوێ دەستیپێکرد، زمانی کوردی و لەپاڵ زمانی عەرەبی و هەنـدێک جـار زمـانی ئینگلیـزیش بەکاردەهـات، دوای ڕوخـانی ڕژێمـی پێشوو دانانی دەستورێکی هەمیشەیی فیدراڵی بۆ عێراق زمانی کوردی بەگوێرەی دەستوور لەپاڵ زمانی عەرەبی بووە زمـانی فەرمی لە دامو و دەزگاکانی حکمومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و بەزمانی فەرمی ناسێندرا، ئەمیش بووە گەرەنتیەک بۆ فێربوون بەزمانی دایک.

دوای شیکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی لەڕوانگەی سیاسەتی زمانی و دیاریکردنی ئایدۆلۆژیایی سیاسـەتی زمـانی و پـێگەی زمـانی کـوردی لەو یاسـایانەدا، جێبەجێکـردن و کەتـواری پرۆسـەی خوێندن لە هۆڵەکاندا شتێکی ترمان پێدەڵێت، وەک باسکرا یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی یەکلایی نەکردۆتەوە بەدیاریکردنی زمانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکـوو وەک ڕوونمـانکردەوە لە یاسـایی سـاڵی ٢٠٠٨ لە بەشی دووەمی ماددەی دووەمی خاڵی دوازدەدا (کارکردن لەپێنـاوی کردنـی زمـانی کـوردی بەزمـانی فێرکـردن و خوێنـدن لە قۆناغەکـانی خوێنـدنی بـاڵا لە زانسـتە مرۆییەکانـدا و هانـدانی وەرگێـڕان ودانـان و چـاپەمەنییە زانسـتیی و ڕۆشـنبیریی و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی)، بەجۆرێک وەها داڕێژراوە لە ئایندەدا وەزارەت کاربکات بۆ ئەوەی زمانی کوردی بکـات بە زمانی فێرکردن و خوێندن لەقۆناغەکـانی خوێنـدنی بـاڵادا ئەویـش لەبەشـە مرۆڤایەتییەکـان نەک بەشـە پەتـی و کـرداری و زانستییەکان.

ئەوەی جێگای سەرنجە سەرباری هەموو ئەو دەرفەتانەی بۆ بەکارهێنانی زمانی کـوردی ڕەخسـان، کەچـی هێشـتا زمانەکانی دیکەی وەک ئینگلیزی و عەرەبی لەپـێش زمـانی کـوردین لە بەشـێک لە زانکـۆ و پەیمانگاکـان، لەدوای ڕاپەڕینـی ١٩٩١ـی گەلی کوردستان، زمانی خوێندنی بەشێک لە بابەتە مرۆڤایەتییەکان لەزانکۆکان کران بە زمانی کوردی، بەڵام بـابەتە زانستییەکان هەتا ئێستا وەک خۆی ماونەتەوە[1]، یەکێک لەو کێشانەی کە لەزانکۆکان بەتایبەت لە کۆلێژ یان بەشە زانسـتیی پەتی و کرداریی هەیە، بابەتەکانی وەک(کیمیا و فیزیا و زیندەزانی و بیرکاری و ئەندازیاری و پزیشکی،....) بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی زمانییە بـۆ قوتابیـانی کـورد کە هەمـوو سـاڵەکانی خوێنـدنی قوتابخانەیـان بـۆ ئەم بابەتانە بەکوردی خوێندووە بەمەش قوتابی کە دەگاتە زانکۆ هەموو پرۆسەی خوێندنی دەبێـت بەزمـانی ئینگلیـزی، کەمـی ئاستی زمانی ئینگلیزی بۆ خوێندن و نووسین و تێگەیشتن و وڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکـانی ئەو بابەتـانە بەزمـانی ئینگلیـزی قوتابی تووشی کێشەی گەورە دەبێتەوە، لە ئەنجامدا کەموکوڕی لەکۆی پرۆسەی فێربوون ڕوودەدات.

هەرچی بەشە مرۆڤایەتییەکـانە ئەو قوتابیـانەی بەزمـانی کـوردی لە قوتابخانەکانـدا دەخـوێنن و دواتـر لە بەشـە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان وەردەگیرێن، لەکۆلێژەکـانی وەک ئـاداب و پەروەردە، جـگە لە بەشـی زمـانی کـوردی زۆربەی بابەتەکانی خوێندن بەزمانی عەرەبییە، بۆ ئەو بەشانە خوێندن لەلایەن ئەو قوتابیانەوە سەخت و دژوارە[2]، ئەمیش بەهـۆی تێنەگەشـتن لە بابەتەکـان کە بەزمـانی عەرەبـین، ئەمـیش بەهەمـان شـێوەی بەشـە زانسـتییەکانە، لەبەشـێک لە کۆلێژەکانیش هێشتا زمـانی عەرەبـی زمـانی باڵادەسـتە وەک خوێنـدن لە کـۆلێژی یاسـا و بەڕێـوەبردن و ئـابووری، زۆربەی قوتابیان لە قوتابخانەکان زمانی خوێندنی پێش زانکۆیان زمانی کوردی بووە و توانستی زمانی عەرەبـی و ئینگلیزیـان لاوازە،

[1] سوداد رسوڵ، سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە2. 2023، ل36.

[2] تارق جامباز، سەرچاوەی پێشوو، ل178.

ئەو دوو زمانە تەنها وەک دوو وانە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندنـدا خوێنـدووە، زمـانی کـوردی زمـانی خوێنـدن و نووسین و ئاخاوتن بووە، بۆیە توانای وەرگرتنی قوتابی بەزمانی دایک زیاترە و کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەنجامی فێربـوون و تێگەیشتنیان لەبواری خوێندن هەیە.

زمانی خوێندن زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان بەپێی یاسایی ئەو زانکۆیـانە خوێنـدن بەزمـانی ئینگلیـزیە، گومـانیش لەوەدا نیە لەبەرئەوەی زمانی خوێندن زمانی ئینگلیزیە و زمانێکی بیانیە، پرۆگرامەکانیش بەهەمان شێوە پابەنـدی لایەنێکـی دیکەی بیانین، ئەمەش بەدور و نزیک پەیوەندی بە ناسنامە و کلتـوور و شارسـتانی نەتەوەیـیەوە نـیە، بۆیەشـە قوتابیـان بەتێڕوانینێکی دیکەو ویژدانێکی دیکەی دوور لە هەستی نەتەوەیـی ژیانـدەکەن، هەسـت بەخۆبەنـدی بـۆ زمـان و شـانازی بەناسنامەی نەتەوەییان ناکەن[1]، لەبەرئەوەی ئەوان پەیڕەوی مێژووی نەتەوەیی و شارستانی و کلتـووری نەتەوەیـی خۆیـان ناکەن و پابەندی لایەنێکی ترن، پرۆگرامەکان زۆر چالاکـانە کـاریگەری لەسـەر ڕەفتـار و ویـژدان و هەلسوکەوتی قوتابیـان دادەنێن. بەمەش دوای دەرچوونی قوتابیـان لەو کـۆلێژ و پەیمانگایـانە دەگەڕێـنەوە بـۆ نـاو ژینـگەی کـۆمەڵایەتی و جـۆرە پێکدادانێکی نەرێنی لەگەڵ کلتوور و ڕەفتار و شێوازی ژیـان و کـارکردنی کۆمەلگـا دروسـتدەبێت، ناتوانێـت دیراسـەی ئەو زانستە هاوردەکراوە لەو کۆمەلگا کوردییە بکات و تووشی گرفت و تەنگەژە دەبێت.

لە هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە بەناڕاستەوخۆ مەیـل هەیە بـۆ نیشـاندانی کەمـ توانـایی زمانی کوردی بۆ زالبـوونی بەسـەر بـابەتە زانسـتیی و هەنـدێکی مرۆڤایەتیـدا، پێیـانوایە ناتوانرێـت مەسـەلە زانسـتییەکان بەڕێوەببات[2]، بەجۆرێک زمانی کوردی زمانی زانست نیە و ناتوانێت گشت بابەتەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی پێ بگوترێتەوە.

## ٢-٢-٢ زمانی کوردی لەنێوان باڵادەستکردن و کەمـ تەماشاکردندا

دوای دەرچوونی یاسایی زمانە فەرمییەکان لە لەساڵی ٢٠١٤ لە پەرلەمانی کوردستان، لەهەنگاوێکی گرنگدا لەبەشـی پێنجەمی ماددەی (١٣)دا (زمانی کوردی لە پەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە لەکوردسـتانی عێراقـدا)، ئەمـ بڕگەیە بەهانەی بۆ هیچ کەس و دامەزراوەیەک نەهێشتەوە کە ڕێگا بەخۆیی بـدات بـۆ زاڵکردنـی زمـانی بیـانی بەسـەر زمانی کوردیدا، بەڵام دەبینین زۆرجار بە مەبەسـت یـان بـێ مەبەسـت  زمـانی کـوردی پەراوێزدەخرێـت و زمانەکـانی دیکـە باڵادەستدەکرێن.

بەگوێرەی فەرمانێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەژمارەی نهێنی (٤٦٠)، لە (٢٠١٧/٣/٢٩)، دەرچـووە[3]، هەنگـاو نـرا بـۆ باڵادەستکردنی زمانی بیانی و پەراوێزخستنی زمانی کوردی، کە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زمانێکی ئارەزوومەنـدانەیە بـۆ قۆناغی دوازدەمی بەشی زانستیی بۆ ئەوانەی دەچن بۆ کۆلێژە پزیشکیەکان، واتە قوتابی لەکـۆی نمـرەی بەدەسـتی هێنـاوە دەتوانێت داوابکات زمانی کوردی و عەرەبی بۆ هەژمارنەکرێت. ئەمە ناڕەزایی زۆری زماناس و مامۆستا و کەسانی ئەکادیمی لێکەوتەوە و خۆپیشاندان و بەیاننامەی دژ دەرکرا، بەڵام چووە بواری جێبەجێکـردن و هەنگاوێـک بـوو بـۆ کەمکـردنەوەی پێگەی زمانی کوردی بەرانبەر بە زمانی ئینگلیزی، لەگەڵ ئەوەی بەگوێرەی دەستوور زمانی کوردی زمـانی فەرمیـیە، لەگشـت دامەزراوەکانی حکومەتدا. بەخۆشحالیەوە دوای چەند ساڵێک و بەنـووسراوێکی ژمـارە (٩٨٨٤)، لە (٢٠٢٥/٥/٢٠)[4] وەزارەتـی خوێندنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتیی ئاراسـتەی وەزارەتـی پەروەردەی کـردووە، ئەو فەرمـانەی خـۆی هەڵوەشـاندەوە و ئاگـاداری قوتابیـانی کـردەوە بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧)، ئەمـ بڕیـارە کـاری پێناکرێـت و هەلدەوەشـێتەوە. ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو بەرانبەر بەرزکردنەوەی ئاست و پێگەی زمانی کوردی بەرانبەر بە زمانی ئینگلیزی.

---

[1] ئازاد عزیز سلیمان، ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە 5، 2022، ل508.

[2] محمد قادر سعید، زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی پەراوێزخستن و دابەزاندندا، گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردی، ژمارە(7)، 2022، ل 15.

3 بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1

4 بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2

هەروەها بابەتی پێشوەختەی هێنانی بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی بۆ دەستپێکردن بەخوێندنی (ماستەر و دکتۆرا)، هەنگاوێکی دیکەی نەرێنی بوو تایبەت بەزمانی کوردی کە وەزارەت لەساڵی ٢٠١٦ بڕیاری لەسەردا و خوازیارێکی خوێندنی باڵا(ماستەر و دکتۆرا)، دوای دەرچوونی لە تاقیکردنەوەی ئاستی زانستیی تاوەکو یەکێک (نمرەی پێویست بۆ یەکێک لەبڕوانامەکانی (IELTS- TOFFEL - PTE ) نێودەوڵەتی نەهێنێت ناتوانێت دەست بەکۆرسی خوێندن بکات، ئەمە بووە جێگای نارەزایی زۆری خوازیارانی خوێندنی باڵا چونکە بەشێوەیەک لەشێوەکان وەک بەربەستێکی ناواقیعی لەبەردەم پرۆسەی خوێندنی باڵا بۆ قوتابیانیان دادەنا، وایکرد ژمارەیەکی زۆری قوتابی ڕوو بکەنە سەنتەرەکانی زمان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەمەبەستی بەدەستهێنانی نمرە و بڕوانامەی داواکراو، جگە لەوەی ژمارەیەک لە قوتابی پەنایان بۆ درێژەدان بەخوێندن لەدەرەوەی وڵات برد، ژمارەیەکی کەمیش تووشی گرفتی بڕوانامەی ناڕاست و تەزویر بوونەوە. بۆ ئەم بڕیارەی وەزارەت دوو بۆچوون هەبوو، بەشێکیان پێیان وابوو ناکرێت قوتابی لە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا وەربگیرێت و هیچ توانستێکی زمانیی جیهانی نەبێت، کە لە جیهانی ئەمڕۆماندا زمانی ئینگلیزی زمانی سەردەمە و زمانی زۆربەی هەرە زۆری زانستەکانە، بڕوایان وابوو ئەم بڕیارە هۆکارێکە بۆ گەیشتنی قوتابیانی کوردستان بە جیهانی دەرەوە و لەڕێگەی فێربوونی زمانی ئینگلیزییەوە بتوانن لەگەڵ پێشکەوتن و داهێنانە جۆراوجۆرەکانی جیهان و پەیوەندیدار بە بەشەکانی خوێندنی قوتابی بگونجێن.

لەلایەکی ترەوە بەشێکیان پێیان وابوو ئەمە پاڵپشتیکردنی ئەو ڕەوتەیە کە پێیان وایە زمانی کوردی زمانی زانست نیە بۆ خوێندنی باڵا ناگونجێت، هەروەها بەهەدەردانی بڕێکی زۆری سەرچاوەی ماددی و توانای قوتابی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و کوشتنی حەزی تاکی کورد بۆ گەیشتن بە بڕوانامەی بەرزتر، هەروەها جیاوازی نەکرابوو لەنێوان پسپۆڕییە جیاوازەکانی وەک (زانستە ئیسلامییەکان، زمانی کوردی، مێژوو و زمانی ئینگلزی و پسپۆڕییە زانستییەکان).

ئەم بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ کاتێک گونجاو و لەبارە کە لە قوتابخانە وانەیەکی تایبەت دابنرێت بۆ بابەتی زمانی ئینگلیزی و لە کۆلێژیشدا ئەو بابەتە لەگەڵی بێت، بەمەش قوتابی هەم لە قۆناغی منداڵی زمانی دایکی بەچاکی وەرگرتووە و هەمیش ئامادەیی تێدا هەیە بۆ وەرگرتنی زمانێک یان زیاتر لە زمانێک کەزمانی ئینگلیزییە، لەدوای کۆلێژیش قوتابی بتوانێت ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە لەپاڵ زمانی دایک زمانێک یان زیاتر بزانێت[1]، ئەم بڕیارە وایکرد ژمارەیەکی زۆری خوازیارانی خوێندنی باڵا ئەگەر بە دروستیش نەبێت بەباشی فێری زمانی ئینگلیزی ببن و بتوانن لە ژیانی ڕۆژانە و کاروبارە ئەکادیمیەکانی خۆیان بەکاری بهێنن و تا ڕادەیەکی زۆر باش هاوکاری پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندن و زانکۆ و پەیمانگاکان بوو، بەڵام هەموارکردنەوەی ئەم بڕیارە و ئاسانکاری بۆ دەستپێکردن بەخوێندن و دواتر گەیشتە ئەو ئاستەی کە ڕێگە بدرێت بە ئەنجامدانی گفتووگۆی تێزەکە دوای ساڵێک بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی بهێنێت، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە هەم قوتابیەکی زۆر بەڵێشاو لە خوێندنی باڵا وەربگیرێت و توانستی زمانی ئینگلیزی لەو ئاستەنەبێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ئەو بڕیارەی لەپێناودرابوو.

لەپاڵپشتکردنی بۆچوونی دووەم گونجاویەک هەیە لەگەڵ ئەو بەربەستانەی کە قوتابی دوای تەواوکردنی قوتابخانە کە خوێندنی بەزمانی کوردی بووە، بەڵام لە کۆلێژەکان خوێندن بەزمانی عەرەبی یان ئینگلیزیە، بەجۆرێک قوتابی توشی شێواویی دەبێت و نازانێت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت یان زانستەکە[2]، ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم ڕوودانی تەواوی پرۆسەی فێربوون لەلایەن قوتابی و وەرگرتنی بەشێکی بابەتەکە و لە دواڕۆژدا نەتوانن بەباشترین شێوە هەوڵی خۆیان بدەن بۆ ئە پسپۆڕیەیی کاری تێدا دەکەن.

ناکرێت هەوڵەکانی وەزارەتیش نادیدە بگیرێت لە پەرەپێدانی و بەرگریکردن لە زمان و کلتووری کوردی، لەیەکێک لە بڕیارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دانانی بابەتی (کوردناسی)، بوو بۆ گشت قۆناغەکانی یەکەمی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان لە گشت زانکۆ حکومی و ناحکومیەکان، ئەمەش هۆکارێکی بەهێزە ئەگەر بەدروستی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بۆ ئاشناکردنی قوتابی بە لایەنی (زمان، ئەدەب، مێژوو و جوگرافیای)ی کورد و کوردستان، بەڵام زۆرجار بەهۆی نەشارەزایی

---

[1] سوداد رسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل37.
[2] محمد قادر سعید، سەرچاوەی پێشوو، ل 15.

و شێوازی هەڵسوکەوتی دامەزراوە و مامۆستایان لەگەڵ ئەو بابەتە، دەبێتە یەکێک لەبابەتە قورس و گرانەکان لەلایەن قوتابیانی قۆناغی یەکەم.

هەروەها گەڕاندنەوەی قوتابی بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەکانی خوێندنی باڵا لەیەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی وڵامدانەوەی بەزمانی کوردی بۆ دوو خول قوتابی دەرنەچوو، بەگوێرەی یاسا فەرمانی سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرا، دواتر لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی باڵا لەڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕەوە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە کراو دووبارە فەرمانی گەڕانەوە بۆ خوێندن بۆ قوتابی دەرکرا و دووبارە تاقیکردنەوە بەزمانی کوردی ئەنجامدرا و قوتابی توانی دەستبکاتەوە بەخوێندنی باڵا/ دکتۆرا.

## ٣-٢-٢ پاڵنەرەکانی باڵادەستکردنی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم

لەلایەن بەشێک لە خەلکی کوردستان چ ئەوانەی پەیوەندیدار بە زمان یان ئەوانەشی دوورن لەم بوارە پێشنیاری تایبەت و سەرنجیان لەسەر زمان هەیە، لەدانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٤/١٢/٣١)، بە واژووی (١٠٢) ئەندام پەرلەمان واژوویان لەسەر پڕۆژە یاسایەک کرد بۆ هەموارکردنەوەیەی یاسایی زمانە فەرمییەکان و بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی لەپاڵ زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی[1]، ئەویش بەهۆکاری قوڵکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردستان، بەڵام دواتر بە فشاری سیاسی و کەسانی ئەکادیمی و خەمخۆری زمانی کوردی ئەم بابەتە ڕاگیرا، گومان لەوەدا نیە کە ئینگلیزی زمانێکی گرنگە، بۆ خوێندنی زانستەکان، بەڵام ناکرێت ئەمە لەسەر حیسابی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوەیی بێت، بەتایبەت بۆ وڵاتێک کە لەپێناو خوێندن بەزمانی دایکی چەندین شۆڕشی بەرپاکردووە و خوێنی بۆ ڕشتتووە[2]، کەچی بەشێک لەدامەزراوە و کەسانی باڵادەست لەڕێگەی دەسەڵاتەکانیانەوە ئەوەندە کەم سەیری زمانی دایک دەکەن و زمانی بیانیش دەکەنە زمانی ناچاری لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، هەوڵدەدەین ئەو پاڵنەرانە بخەینەڕوو کە هەوڵی باڵادەستکردنی زمانی ئینگلیزی دەدەن:

1 - ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئینگلیزی زمانی فەرمیانە، ئەو وڵاتانەن کەبەدەست زۆری ژمارەی زمان و شێوەزارەوە دەناڵێن، بەمەش زمانی ئینگلیزی وەک فریادڕەسێک دەبینرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لە وڵاتاندا، کەچی سەرەڕای ئەوەش هیچ ولاتێک خۆ ویستانە ئەو بڕیارەی نەویستووە، بەڵام هۆکاری وەک نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەییی هاوکاربوون، بەڵام بەراوردکردنی ڕەوشی کوردستان و زمانی کوردی بەو وڵاتانە هەلەیەکی گەورەیە و زمانی کوردی خاوەن زمانێکی پێشکەوتووی نووسین و خوێندنی نەتەوەییە و پێویستی بە هیچ زمانێک نەک تەنیا ئینگلیزی نیە بۆ ڕۆلگێرانی لەجیاتی زمانی کوردی.

2 - بڕوایان وایە زمانی ئینگلیزی زمانی زانستە لەسەردەمی ئێستادا، زۆربەی ژێدەر و سەرچاوە زانستییەکان بەو زمانەن، قوتابی ئەگەر ئەو زمانە نەزانێت دەرگای فێربوونی بەڕووی دادەخرێت و ناتوانێت لەگەڵ ڕەوتی فێربوون و پێشکەوتنی جیهاندا هاوتەریب بێت، هەروەها بوونی دابڕان و بۆشایی لەنێوان کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگای مەعریفیدا. بەڵام زمانی ئینگلیزی بەتەنیا زمانی زانست نیە، بگرە زمانەکانی وەک فەڕەنسی و ڕووسی و یابانی،... لە زۆربەی وڵاتانی جیهان زمانی خۆیان هەیە و تاکەکانی ئەو وڵاتانە بە زمانی خۆیان پڕۆسەی خوێندن بەئەنجامدەگەیەنن و داهێنان و نوێگەری و پێشکەوتن بە ئەنجام دەگەیەنن.

3 - فێربوونی زمانی ئینگلیزی قوتابی تواناداردەکات بۆ دەستگەیشتن بەو پەرتووک و گۆڤارانەی بەزمانی ئینگلیزی چاپ دەکرێن و زمانی ئینگلیزی زمانی ئەو دەوڵەتانەیە کەهەم لەڕووی ئابووری و زانستەوە پێشکەوتوون لەلایەکی تریشەوە کۆنگرە زانستییەکانی سەر ئاستی جیهان بەو زمانەن[3]، ئەمەش وادەکات قوتابی بەئاسانی و بەبێ ماندووبوون دەستی بگات بە بەشداریکردن لەو کۆنگرە و کۆنفرانسە جیهانیانەی کە ئەنجامدەدرێن و لەبوارەکەی خۆیدا لە نوێترین داهێنانەکان ئاگاداربێت. بەڵام لەوڵاتانی دیکە کە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە زمانی

---

[1] بڕوانە پاشکۆی ژمارە 3.
[2] سوداد رسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل35.
[3] ئازاد عزیز سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل509.

ئینگلیزیان نەکردۆتە زمانی خوێندنی باڵا و میکانیزمی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە زمانی خۆیان بەگونجان لەگەڵ گشت زمانەکانی دیکەی جیهاندا.

4 - نەبوونی زاراوەی تایبەت بە بوارە زانستە پەتییەکان و کارگێڕی و یاسا و تەکنەلۆجیا و چەندین بواری دیکە لە زمانی کوردیدا، هۆکارە بۆ بانگەشە و باڵادەستکردنی زمانی ئینگلیزی بەسەر زمانی کوردیدا ئەمە لەڕوانگەی بێ متمانەیی بە تواناکان و ڕێزگرتنی خودی سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر نا زمانی وڵاتانی وەک تورکیا و سوریا و ئێران زمانی جیهانی نین، بەڵام گشت بابەتەکان لەگشت پسپۆڕییەکان بە زمانی خۆیان دەخوێنن، بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر زمانی ئینگلیزی لەنەبوونی زاراوەی تایبەت بە بوارەکان.

وەنەبێت پالنەرەکان تەنیا بۆ باڵادەستکردنی زمانی ئینگلیزی بن، بەڵکوو ئەگەر سەیری پالنەرەکانی بەشی یاسایی کۆلێژی یاسایی زانکۆکان بکەین دەبینین، چەند پالنەرێک هەن کە هاوکارن لە پاڵادەستکردنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا و تاوەکو ئێستاش زمانی عەرەبی زمانی باڵادەستە لەم کۆلێژانە.

1 - یاسا و دەقە یاساییەکانی عێراق و ناوچەکە هەلقوڵاوی شەریعەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامین، ئەویش بەزمانی عەرەبییە لەلایەک و بەڕێوەبردنی ئەو کۆلێژانە لەلایەن حکومەتی عێراق پێش ڕاپەڕین و پرۆگرامەکانی خوێندن بەزمانی عەرەبی و دەق و یاسا و دەستوورەکان هۆکارن بۆ باڵادەستی زمانی عەرەبی لەم بەشانە.

2 - بەردەستنەبوونی پەرتووک و پرۆگرامی خوێندنی بابەتە یاساییەکان بەزمانی کوردی و کەمی قەبارە و خراپی ئاستی وەرگێرانی سەرچاوە زانستییەکانی بواری یاسا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی[1]

3 - بەشێکی زۆر لەدادگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی دادوەری کار بە بەکارهێنانی زمانی کوردی ناکەن بۆ کاروبارەکانی دادگا و بڕیار و کاروبارە دادوەری و یاساییەکان.

## دەرئەنجام

1 - سیاسەتی زمانی لەیاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، سیاسەتێکی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرا نییە، سیاسەتێکی وەها دانەڕێژراوە کە بتوانرێت لەڕێگەی پلانی زمانیەوە بگات بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە.

2 - لەیەکەمین یاسای ژمارە (١٢) ساڵی ١٩٩٣ ئەنجومەنی خوێندنی باڵا، زمانی فەرمی دیارنەکراوە، پەیڕەوی ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان کراوە، لەیاساکەدا ئاماژە بەزمان نەکراوە.

3 - لەدووەمین یاسای ژمارە (٣٣) ساڵی ٢٠٠٤، وەزارەتی فێرکردنی باڵا، زمانی فەرمی دیارنەکراوە، پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی فرەزمانی و دەستوەرنەدان کراوە، لەیاساکەدا ئاماژە بەزمان نەکراوە.

4 - لە سێیەمین یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٨، وەزارەتی خوێندنی باڵا، زمانی کوردی لە پسپۆڕییە مرۆڤایەتییەکان دیاریکراوە، پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی فرەزمانی و دەستوەرنەدان و پەسەندکردنی زمانێکی نەتەوەیی کراوە، بۆ یەکەمین جار ئاماژە بەبابەتی زمان کراوە.

5 - لە چوارەمین یاسایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣، کە تایبەتە بە زانکۆ تایبەتەکان، زمانی زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی خوێندنە،پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی زمانی کەرتی (سێکتەری)کراوە، خوێندن بەزمانی ئینگلیزی.

6 - هیچ یاسا و دەستوور و ڕێنمایەیەک ڕێگرنیە لەبەردەم باڵادەستکردنی زمانی کوردی لە هەردوو پسپۆڕییە مرۆڤایەتی و زانستییە پەتی و کردارییەکان و کردنی بەزمانی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندن.

7 - بەبێ هەبوونی هیچ پلان و بەرنامەیەکی ڕێکخراو هەندێک لە بەشە زانستییەکان، زمانی خوێندنیان زمانی عەرەبی یان ئینگلیزیە، بەڵام لە کاتی وانەخوێندندا بە زمانی کوردی بابەتەکان بۆ قوتابیان شیدەکرێنەوە و پرسیار و وڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکان بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزیە.

---

[1] Hazhar arkawazi, The Situation of the Use of Kurdish Language in Law Studies in Kurdistan Regional Universities, journal of language studies, no.2, 2024, p.137-138.

8 - لەزۆر بەشە زانستییەکان ئەوەنـدەی گرنگی بەفێربـوونی زمـانی بیـانی دەدرێـت، ئەوەنـدە گرنگی بە فێربـوونی ناوەڕۆکی بابەتەکە نادرێت کە بەو زمانە بیانیە دەخوێندرێت.

## ڕاسپاردەکان

1 - حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، تـایبەت بە سیاسەتی زمانی لەهەرێمی کوردستان و ناوەندەکانی خوێندن بۆچوونیان یەکبخەن و بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەن بۆ پیادەکردنی ئایدۆلۆژیایی سیاسەتی زمانی لە ناوەندەکانی خوێندن.

2 - هەمووارکردنەوەی یاسایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تـوێژینەوەی زانستیی لە پەرلەمـانی کوردسـتان، کە بەڕوونـی سیاسەتی زمانی و ڕۆڵ و ئەرکی وەزارەت و ناوەندەکانی خوێندن و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار دیاربکات.

3 - گونجاندنی یاساکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ یەکتری هەر لە بازنەی یەکەمی خوێنـدن تـاوەکو کۆتا قۆناغی خوێندنی زانکۆیی یاساکان تەواوکەری یەکتربن و هەریەکەیـن بۆ خزمەتی ئەوی تریان کاربکات، واتە سیاسەتی زمانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەمر بۆ کەرتی حکومی و تایبەتی بەجۆرێک بن، کەلەخزمەت بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات بن، لەهەر شوێنێک کەمر و کوڕی هەبێت بەزووترین کـات چارەسـەری پێویسـتی بـۆ ئەنجامبدرێت و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ کەتواری سەردەمر.

4 - کاراکردنەوەی سەنتەری زمان و وەرگێرانی زانکۆکان، بەبەرنامەیەکی تۆکمە و چاودێرییەکی وردی کەسانی پسـپۆڕ دەستبکرێت بە وەرگێڕانی پڕۆگرام و بابەتەکانی خوێندنی ئەو بەشـانەی کە خوێنـدنیان بە زمـانی بیـانیە بـۆ سـەر زمانی کوردی و پیادەکردنیان لەپۆلەکانی خوێندن.

5 - دامەزرانـدنی یـان هەمـوارکردنەوەی ئەکادیمیـایی کـوردی بـۆ (ئەکادیمیـایی زمـانی کـوردی)، کە بە ئەرکـی خـۆی هەلبستێت لە ڕێکخستنەوەی زاراوە و دەستەوەژاەکان کەلەگەڵ پێشکەوتنی ژیان دێـنە نـاو کۆمەڵگـای کـوردی و دەستبکات بە ڕێکخستنەوەی زمان لەگشت دامەزراوە و کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانە، بەگـوێرەی دەسـتوور و یاسـا بەرکارەکان.

6 - کردنەوەی خولی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێـت لە کوردسـتان کـاربکەن، وەک هەموو وڵاتانی جیهان.

7 - مامۆستا و فەرمـانبەر و قوتابیـانی زانکـۆ و پەیمانگاکـان، لەڕێـگەی سـیمینار و خـول و وۆرکشـۆپی بەردەوامر لە گرنگیدان و پیرۆزی زمانی کوردی وشـیار بـکەنەوە و ببێـتە زمـانێکی ڕێزلێگیـراو لەلایەنـی کلتـووری نەتەوەیـی و زانستیی کورددا

8 - دانانی فەرهەنگێکی نیشتیمانی تایبەت بە وشە و زاراوە کوردییەکان کە گشت بوارەکانی ژیان لەخۆبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنووسێکی یەکگرتوو بۆ نووسینی زمانی کوردی دەربکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەمر – کتێب:

1 - ئەمیر حەسەنپوور، زمان و ناسنامەی کوردی، چاپی یەکەمر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، 1992.

2 - تارق جامباز، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشمر، هەولێر، چاپی یەکەمر، 2014.

3 - ڕەفیق سابیر، بەستانداردکردنی ئەلف و بیی کوردی، چاپی دووەمر، چاپخانەی تاران، ناوەندی بلاوکراوەی غەزەلنوس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، 2014.

4 - سالح کریمر، شێوەزارەکانی زمانی کوردی و ستانداردکردنیان، چاپی یەکەمر، چاپخانەی زانکۆی دهۆک، دهۆک، 2015.

5 - سەلام ناوخۆش، ستانداربوونی زمانی کوردی لەنێوان سیاسەت و سیاسەتی زمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر, 2010.

6 - محمد معروف فتاح، لێکۆلینەوە زمانەوانیەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، هەولێر, 2010.

دووەم – تێزی ماستەر و دکتۆرا:

1- ئازاد عزیز سلێمان، سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، 2022.

2- سعد عبدالرزاق قازی، سیاسەت و پلاندارێژی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، 2020.

3- شاڵاو صالح حمەغریب، پێگە و پایەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، 2024.

4- یوسف حسن حسین، کاریگەری بەجیهانبوون لەسەر کولتور، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەلناسی، هەولێر, 2014.

سێیەم- توێژینەوەکان:

1- ئازاد عزیز سلێمان، ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە 5، 2022، ل498-517.

2- سوداد رسوڵ، سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە2. 2023. ل1-70.

3- خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و عومەر مەحموود کەریم، کورد و پلانسازی زمان، کۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(42)، 2017، ل52-5.

4- محمد قادر سعید، زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی پەراوێزخستن و دابەزاندندا، گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردی، ژمارە(7)، 2023، ل 23 -3.

چوارەم- یاساکان

1- دەستووری هەمیشەیی عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

2- یاسای ژمارە(٤)ی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ١٩٩٢.

3- یاسای خوێندنی باڵا و لێکۆلینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق، ١٩٩٣.

4- یاسای وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆلینەوەی زانستیی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵی ٢٠٠٤.

5- یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان – عێراق، ساڵی ٢٠٠٨.

6- یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ساڵی ٢٠١٣.

7- یاسای زمانە فەرمیەکانی کوردستان، ساڵی ٢٠١٤.

سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

1- Annamalai, Political and linguistic manifestations. New Delhi: SAGE Publications. Managing Multilingualism in India - Google Books, 2001.

2- Spolsky. Bernard, Language Policy. Cambridge University Press - Google Books, 2004.

3- Crystal. David, English as a global language. Cambridge: Cambridge University Press. - Google Books, 2003.

4- Grin. Francois, Language Policy Evaluation and the European Charter for Regional or Minority Languages. Palgrave Macmillan - Google Books, 1999.

5- Schiffman, Harold F. , Linguistic culture and language policy. London: Routledge. 1996.

6- Arkawazi. Hazhar, The Situation of the Use of Kurdish Language in Law Studies in Kurdistan Regional Universities, journal of language studies, no.2, 2024

7- Fishman. Joshua A., Theoretical and empirical foundations of assistance to threatened languages. Clevedon: Multilingual Matters. Reversing Language Shift - Google Books, 1991.

8- Kaplan. Robert B., Richard B. Baldauf, Language Planning from Practice to Theory, Multilingual Matters, Google Books, 1997.

9- Phillipson. Robert, Linguistic imperialism. Oxford: Oxford University Press, - Google Books, 1992.

10- UNESCO, Language vitality and endangerment. Paris: P.2003.

# السياسة اللغوية في قوانين وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان

| |
|---|
| م. م. فؤاد جاسم ابراهيم |
| قسم اللغة الكوردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| Fouad.ibrahim@su.edu.krd |
| أ. م. د. ئازاد عزيز سلێمان |
| قسم اللغة الكوردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| azad.sleman@su.edu.krd |

## ملخص

يحمل هذا البحث عنوان "السياسة اللغوية في قوانين وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كردستان". يهدف هذا البحث إلى تحليل وتحديد منهج السياسة اللغوية في القوانين الصادرة عن برلمان كردستان. تسمح الحكومات الاتحادية باستخدام لغات المجتمعات المحلية، لكنها عمليًا غالبًا ما تفشل في تعزيز هذه الحقوق بفعالية. ويهدف بحثنا إلى وضع استراتيجية واضحة وفعّالة لتطوير اللغة الكردية ولغات المجتمعات الأخرى في إطار القوانين والمبادئ التوجيهية المعمول بها.

**الكلمات المفتاحية:**

اللغة الكردية، السياسة اللغوية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، تحليل القوانين، التعدد اللغوي، الهيمنة.

# Language Policy in the Laws of the Ministry of Higher Education and Scientific Research of the Kurdistan Regional Government

| |
|---|
| **Assistant Lecturer: Fouad Jassim Ibrahim** |
| **Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region - Iraq** |
| **Fouad.ibrahim@su.edu.krd** |
| **Assis. Prof. Dr. Azad Aziz Suleiman** |
| **Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region - Iraq** |
| **azad.sleman@su.edu.krd** |

## ABSTRACT

**This research is entitled "Language Policy in the Laws of the Ministry of Higher Education and Scientific Research of the Kurdistan Regional Government. In order to analyze and determine the ideology of language policy in the laws issued by the Kurdistan Parliament The federal governments allow the use of community languages, but in practice they often fail to promote these rights effectively. Language policy and language of instruction in the Ministry of Higher Education is the subject of our research Provide a clear and effective strategy for the development of the Kurdish language and the languages of other communities within the framework of applicable laws and guidelines.**

**Keywords: Kurdish Language, Language Policy, Ministry of Higher Education and Scientific Research, Analysis of Laws, Multilingualism, Domination.**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

## پاشکۆکان

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

No:
Date:

ژمارەی نهێنی: ٠٤٦
ڕێکەوت: ٢٦ / ٣ / ٢٠١٧ ی زایینی
/ / ٢٧١٧ ی کوردی

نهێنی دەرکردە

**فەرمانی وەزاری**

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٧) ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وە بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە

**بڕیارماندا:**

١- لەمەودوا دەرچوانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشەکانی ( **کۆمەڵەی پزیشکی، ئەندازیاری، زانست**) دەتوانن تەنها نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان ( **فیزیا، کیمیا، بیرکاری، زیندەوەر زانی، زمانی ئینگلیزی**) ئەژمار بکەن، ئەژمارکردنی نمرەی وانەکانی تر ئارەزمەندانە دەبێت بە مەرجێک پێشکەشکار لەسەرجەم وانەکان دەرچوو بێت.

٢- ئەم بڕیارە لە پرۆسەی وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی ئەم ساڵی خوێندن (٢٠١٧ - ٢٠١٨) جێبەجێ دەکرێت.

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: 066 2296768

www.mhe-krg.org
E-mail: minister.office@mhe-krg.org

هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨

پاشکۆی ژمارە ١

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون
بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**
الدائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة
مديرية القبول المركزي

ژمارە: ٩٨٨٤
ڕێکەوت: ٣٠ / ٥ / ٢٠٢٥ی زایینی
: / /٢٧٢٥ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٥

**بۆ/ وەزارەتی پەروەردە / ب. گ تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن / ب. تاقیکردنەوەکان**
**ب/ وانەکانی کوردی و عەرەبی**

**سڵاو و ڕێز**

ئامـــاژە بە کۆبـــوونەوەی ژمـــارەی (٧)-ی (٢٠٢٢) ئەنجـــومەنی وەزارەتی خوێنـــدنی بـــاڵا بـــڕگەی سێ یەم خـــاڵی (یەکەم) وە ئامـــاژە بە ڕێنماییەکـــانی وەرگـــرتنی قوتابیـــانی و خوێنـــدکاران لە زانکـــۆ حکومییەکـــانی هەرێـــم بـــۆ ســـاڵی خوێنـــدنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) و (٢٠٢٤-٢٠٢٥) بـــڕگەی (٣) خـــاڵی (٢) بڕیـــاری ئارەزوومەنـــدانەی ئەژمـــارکردنی نمـــرەی وانەکـــانی (کـــوردی و عەرەبی) هەڵدەوەشـــێندرێتەوە بـــۆ ئەو قوتـــابی / خوێنـــدکارانەی کە لە ســـاڵی خوێنـــدنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) و بەدواوە لە پـــۆلی دوانـــزەی ئامـــادەیین واتە ئەو قوتـــابی و خوێنـــدکارانەی بـــۆ ســـاڵی خوێنـــدنی (٢٠٢٦-٢٠٢٧) و بە دواوە داواکـــاری پێشـــکەش دەکەن بـــۆ وەرگیرانیـــان لە زانکۆکـــانی هەرێـــم تکـــایە لای خۆتـــان کـــاری پێویســـت ئەنجـــام بـــدەن وە ئاگـــاداری ســـــەرجەم قوتابخـــانە و خوێنـــدنگاکان بکرێـــت بە مەبەســـتی ئاگـــاداری قوتابیـــان و خوێنـــدکاران.

لەگەڵ ڕێزدا.

**پ.ی.د. خطاب احمد مصطفى**
بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون
(بە وەکالەت)

وێنەیەک بۆ

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان وبەدواداچوون/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ب.ناوەندی وەرگرتن / لەگەڵ بەرایبەکان.
- دەرکردە.

Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd
عنوان- أربيل، طريق كركوك، شارع هادى جاوشلى
هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی -ناونیشان
Email:sca.directorate@mhe-krg.org

**پاشکۆی ژمارە ٢**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-hawler

ژمارە: No:
بەروار: Date:

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عێراق
ب/ پرۆژە یاسا

سڵاو ڕێزمان...
ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەخوارەوە واژوومان کردووە داواکارین بەزووترین کات پرۆژە ( [illegible] ) بخرێتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | [illegible] | [signature] |
| 2 | صالح فقێ احمد | [signature] |
| 3 | [illegible] | [signature] |
| 4 | خلف احمد | [signature] |
| ٥ | [illegible] | [signature] |
| ٦ | [illegible] | [signature] [redacted] |
| ٧ | [illegible] | [signature] |
| ٨ | عباس فتاح صالح | [signature] |
| ٩ | [illegible] | [signature] |
| ١٠ | سالار محمود | [signature] |

یاسای ژمارە (   ) ساڵی ٢٠١٤

ماددەی یەکەم

ناوی هەر شوێنێك یان ناوچەیەك لەکوردستان گۆڕدراون بەهەر هۆکارێك بێت دەگەڕێتەوە سەر ناوە ڕەسەنە کوردییەکەی خۆی.

ماددەی دووەم

زمانی ئینگلیزی دەبێتە یەکێ لەزمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان.

هۆکاری دەرچوون

لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی و قوڵکردنەوەی رۆشنبیری کوردستانی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

[illegible]

پاشکۆی ژمارە ٣